# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا ■ پێنجشەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٩٣ ٥ی ژوئەنی ٢٠١٤ ■ ژمارە ٦٣٣ ■ www.kurdistanukurd.com


### جێن ساکی: ئەمریکا نیگەرانە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئێعدامەکان لە ئێران



جێن ساکی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گوتی یەکێک لەو فاکتەرانەی کە دەتوانێ ڕێگەی گەڕانەوەی ئێران بۆ نێو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی خۆش بکا، پاراستنی مافی مرۆڤە لە وڵاتەکەی‌داو ڕێزگرتن لە قانوونی بنەڕەتی خۆی‌و قانوونە نێونەتەوەییەکانە.

### لەبارەی نوێترین قسەکانی دوکتور ئیسماعیل بێشکچی لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان





لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا، دۆستی لەمێژینەو بەنرخی نەتەوەی کورد، دوکتور ئیسماعیل بێشکچی، چەند جار باسی لە سیاسەت‌و هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە پرسی کورد لەو وڵاتەو لە تەواوەتیی خۆی دا کرد. بەم بۆنەیەوە بەڕێز خالیدی عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەیاننامەیەکی بۆ ئاگاداریی بیروڕای گشتی و سەرجەم هێز و لایەن و تاکەکانی نەتەوەی کورد بڵاو کردەوە کە دەقی بەیاننامەکە لە لاپەڕی ٢ دایە.

# بەڵێ بۆ داوای بێشکچی لە بارەی پێویستیی یەکگرتوویی‌و یەکهەڵوێستیی کورد لە ئاست ڕێژیمی ئێران



«کورد دەبێ هەوڵ بدا نێوماڵی خۆی ڕێک بخاتەوە و پێش بە پارچە پارچە بوونی زیاتری خۆی بگرێ‌و چیدیکە فریوی چەمکێک بە ناوی برایەتیی ئۆممەتی ئیسلامی نەخوا، چونکە ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە هەموویان بە شێوەیەک دەسەڵاتی ئیسلامین».

لە کۆڕێکدا بە بەشداری هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئاکادیمیای کوردی ڕۆژی یەکشەممە، ١١ی جۆزەردان لە هەولێر بۆ ڕووناکبیری ناسراوی تورک‌و دۆستی بەوەفای کورد ئیسماعیل بێشکچی، پێکی هێنابوو. بێشکچی جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە «کورد نابێ چیدیکە فریوی بە ناو برایەتیی کوردو عەرەب یان کوردو تورک یا کورد و فارس بخواو دەبێ لە سەر مافەکانی خۆی سوورو پێداگر بێ.»

بێشکچی لە درێژەی قسەکانی دا باسێکی لە سیاسەتە دژەکوردییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کردو هەر وەها باسی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کرد کە کاتێک دوکتور قاسملوو لە سەر مێزی وتووێژ بە دەستی پیاوانی ئێتلاعاتی ئێران شەهید دەکرێ، چۆن دەوڵەتی ئۆتریش لە ئاست ئەو مەسەلە گەورە و کارەساتەدا چاوی دەنوقێنێ.

بێشکچی لە لێدوان و قسەکانی سەفەری ئەمجارەی دا بۆ هەرێمی کوردستان، چەند جار باسی سیاسەتی دژە کوردی کۆماری ئیسلامی و تیرۆری د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی، ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات بە دەست ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کرد. لەم پێوەندییە دا سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای دەربڕینی سوپاس و پیزانین بەرامبەر بە قسەکانی بێشکچی، پشتیوانیی حیزبەکەی لە داوای بەڕێزیان لە بارەی پێویستیی یەکگرتوویی‌و یەکهەڵوێستیی نەتەوەی کورد لە ئاست سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕاگەیاندوە.

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوو ڕوخساری دژ بەیەک!

قادر وریا

لە چەند مانگی ڕابردوو دا شایەدی کۆمەڵێک ڕووداو و چالاکیی خۆڕسکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووین کە جێگای هەڵوێستە لە سەرکردن بوون. ئەو کارە سەمبولیکانەی بە نیشانەی ئاشتبوونەوە لە گەڵ سروشت بەڕێوە چوون، شتێکی کەم نەبوون. لە چەندین شارو ناوچە، ڕاوچییەکان کەوتنە ئازادکردنی کەوی ڕاوو ڕکەو تاپڕەکانیان شکاند. پێشوازیی هاندەرانەی خەڵک لەو کارە سەمبولیکانە، بەڵگە بوون بۆئەوەی ئاشتبوونەوە لە گەڵ سروشت هەر ویستی ژمارەیەکی کەم لە تاکەکان نییەو لە نێو خەڵک دا ڕێژەیەکی بەرچاو لایەنگری هەیە. هەرەوەزی خۆڕسکانەو خۆبەخشانە بۆ خاوێنکردنەوەی ژینگە، یەکێکی دیکە لەو کارو چالاکیانەی چەند مانگی ڕابردوو بوو کە لە چەندین شارو ناوچە دا بەڕیوە چوون. ئەم چالاکییەش ڕوویەکی دیکەی جۆری ڕوانین‌و بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان پێ دەناسێنێ. بیرکردنەوەیەک کە ژیرانەو بەرپرسانەو شارستانیانەیە. لە نێو ئەم جۆرە چالاکییانەدا، هاتنی هەزاران کەسیی خەڵکی ڕەوانسەر بۆ گۆرەپانێکمان بینی کە قەرار وابوو، کەسێکی مەحکووم بە ئێعدامی لێ هەڵاوەسن. ئەوان بە پێچەوانەی خەڵکی هێندێک لە شارەکانی بەشەکانی دیکەی ئێران، بۆ تەماشای چۆنیەتیی گیانەرچوونی لاوێکی مەحکووم بە مەرگ نەهاتبوون، بەڵکوو هاتبوون تا پێشی گیانستاندن لەو مەحکوومە بگرن. هاتبوون تا پێشی «قصاص»ێک بگرن‌و بە داواکاران و خوازیارانی «قصاص»ی ئەو لاوە بڵێن کە «توندوتیژی، توندوتیژی بەرهەم دێنێ»و بە ستاندنی گیانی تاوانباران، تاوان لە کۆمەڵدا بنەبڕ نابێ، بەڵکوو بە نەهێشتنی زەمینە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی‌و ئابوورییەکانە کە تاوانەکان کەم دەبنەوە.

پێگەیشتوویی فکری‌و فەرهەنگی‌و گەشەکردنی ڕوانین‌و بیرکردنەوەی مەدەنیانەو ڕەنگدانەوەیان لە ژیان‌و هەڵسوکەوتی تاکەکان‌دا، پێشتریش بە زۆرشێوە لە نێوخەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا، خۆی نیشانداوە. دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی، بەرەوڕووبوونەوەی هێمنانە لە گەڵ کێشەو گرفتەکان‌و پەنابردن بۆ دیالۆگ‌و شێوازی مەدەنیانەی چارەسەری کێشەو ئاستەنگەکان، خەریکن دەبن بە ڕوخسارێکی دیاری کۆمەڵگەیەک کە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەناسین. بەڵام ئەم کۆمەڵگەیە، ڕووخسارێکی دیکەشی هەیە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا، ژمارەیەک ڕووداوی تەواو ناتەبا لە گەڵ ئەم ڕوخسارە، لە شوێنە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان دا.

بۆ لاپەڕی ٥




لە کۆمەڵگایەکی یاغییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی سرکراو!

٤



پەیامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان

٥



خوێنی لاوانی کورد لە شووشەی زوحاکانی کۆماری ئیسلامیدا

٦



شەرم لە خوێنی ڕژاوتان دەکەین!

٧



«کەمەندی»کوڵکەزێرینەی هونەرو گۆرانی

١٠

## بەشار ئەسەد بۆ ٧ ساڵی دیکە وەک سەرکۆماری سووریە خۆی داسەپاندەوە

لە حاڵێکدا وڵاتی سووریە هەروا گۆڕەپانی شەڕی نێوخۆییە، بەشار ئەسەد هەوڵ دەدا بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لەم وڵاتەدا پێگەی خۆی پتەوتر بکا. هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی سووریە کۆتایی هات‌و بەشار ئەسەد کە لەگەڵ ٢ پاڵێوراو ی دیکە خۆیان پاڵاوتبوو، لە کۆتایی‌دا بە ڕواڵەت بە سەرکەوتنی ئەسەد کۆتایی هات .

هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە وێڕای ئاماژە بە کوژرانی زیاتر لە ١٦٠ هەزار کەس لە شەڕی نێوخۆیی ئەم وڵاتەو ئاوارە بوونی بە میلیۆن هاووڵاتیی سووری، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری‌یان بە شانۆیەکی گەپجاڕانە» زانی و داوایان لە خەڵکی ئەو وڵاتە کردبوو کە لەم بەناو هەڵبژاردنانەدا بەشداری نەکەن.

ئامریکاو یەکیەتیی ئورووپاش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە بارودۆخی ئێستای سووریەیان بە «لاسایی کردنەوەیەکی گاڵتەجاڕانەی دێمۆکراسی» لە قەڵەم داوە.

## هەڵمەتی بەربەرەکانی لە گەڵ هەڕەشەی مادده سڕکەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان




ئەم هەڵمەتە بۆ ناساندن و ڕسواکردنی باندەکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی مادده سڕکەرەکانە کە ماوەیەکە دەست بکار بووەو لەسەر تۆڕی فەیسبووک ڕۆژانە زانیاری‌و ڕاپۆرتی تایبەتی لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوەو لە بارەی ئەو کەسانەی دەستیان لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی مادده سڕکەرەکان دا هەیە بڵاو دەکاتەوە.

بەڕێوەبەرانی ئەم هەڵمەتە داوا خەڵک لە هەر شار و ناوچە و گوندێکن دەکەن، زانیاری لەو پێوەندییەدا بە تایبەتی وێنەی ئەو جۆرە کەسانەیان بۆ بنێرن تا بە بیروڕای گشتییان بناسێنین. هەروەها داوا دەکەن لە ناردنی زانیارییەکان‌دا ئەو پەڕی دیققەت و وردبینی بە کار بێنن بۆ ئەوەی بە ناحەق ناوی کەس یا کەسانێک نەزڕێ و لە خۆڕا تووشی بەد ناوی نەبن.

بەڕێوەبەرانی کەمپەین دەڵێن: «دواتر ئەو زانیارییانە دەکەین بە بوڵتەن و بە زمانی جۆراوجۆر ئامادەیان دەکەین و ناوەندە مرۆڤدۆستەکان و میدیاکانی جیهانیان لێ ئاگادار دەکەینەوە.

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ریورەسمی ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان‌دا



هەیئەتێکی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەشداریی لە ڕێورەسمی ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان‌دا کرد.

ڕۆژی سێشەممە، ١٣ ی جۆزەردان هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکڕات بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکڕات لە هەولێر بەشداریی لە ڕێورەسمی ٣٩ ساڵەی ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان‌دا کرد.

کاک خالید عەزیزی وێڕای پیرۆزبایی گوتن بە هەیئەتی خانەخوێ‌و پێشکێش‌کردنی چەپکەگوڵی پیرۆزبایی بە هەیئەتی بەڕێوەبەریی ڕێوڕەسمەکە هیوای سەرکەوتن‌و سەربەرزیی زیاتری بۆ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان خواست.

شایانی باسە لە پەراوێزی دانیشتنەکانی ئەو ڕێوڕسمەدا هەیئەتی حیزب چاوی بە کۆمەڵێک لە کەسایەتییە سیاسی‌و حیزبییەکان کەوت‌و دیداریان لەگەڵ یەکتر تازە کردەوە.

# بەیاننامە: لەبارەی نوێترین قسەکانی دوکتور ئیسماعیل بێشکچی لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان





**( بۆ ئاگاداریی بیروڕای گشتی و سەرجەم هێز و لایەن و تاکەکانی نەتەوەی کورد!)**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا، دۆستی لەمێژینەو بەنرخی نەتەوەی کورد، دوکتور ئیسماعیل بێشکچی، چەند جار باسی لە سیاسەت‌و هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە پرسی کورد لەو وڵاتەو لە تەواوەتیی خۆی دا کرد. هەر لەم پێوەندییەش دا وێڕای ئاماژە بە تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات، د.قاسملووو د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە، داواکار بوو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بە ئاگاداری لە نێوەرۆکی دژە کوردی ئەم ڕێژیمە، هەڵوێستێکی یەکگرتووانەیان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەموو کات بە چاوی ڕێزو ئەمەگناسییەوە، ڕوانین و هەڵوێستی بوێرانەی بەڕێز بێشکچیی بەرامبەر بە پرسی کوردو نەتەوەی کورد هەڵسەنگاندوەو بە پێزانینەوە ئاوڕی لەو چەرمەسەری‌و تێچووانە داوەتەوە کە ئەم کەسایەتییە گەورەیە لە سۆنگەی داکۆکی لە نەتەوەی کورد تووشیان بووە.

نوێترین لێدوان‌و پەیامی بێشکچی لە پێوەندی لە گەڵ سیاسەتی سەرکوتکەرانەو تێکەڵ بە هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کورد وتیرۆری ڕێبەرانی خەباتی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بە هۆی ئەم ڕێژیمەوە، بە دەرفەت دەزانین بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سوپاس‌و پێزانینی خۆمان لە ئاست هەڵوێست‌و ڕوانگەکانی ئەم دۆستە بە نرخەی نەتەوەکەمان دووپات بکەینەوە. هەر لەو کاتە دا سەرنجی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردستان بۆ لای پەیامی دڵسۆزانەو یەکیەتییخوازانەی بێشکچی ڕادەکیشین‌و پشتیوانیی خۆمان لە داوای بەڕێزیان لە بارەی پێویستیی یەکگرتوویی‌و یەکهەڵوێستیی نەتەوەی کورد لە ئاست سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕادەگەیەنین.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٤ی ژوئەنی ٢٠١٤**
**١٤ی جۆزەردانی ١٣٩٣**

**هولەند:**

# بەشداریی بەرپرسی کومیتەی دەرەوەی حیزب لە یادی ٣٩ساکەی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان‌دا



ڕۆژی یەکشەممە، ١١ی جۆزەردان کە ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانە، ڕێوڕەسمێک لە وڵاتی هۆلەند بەبەشداریی هەیئەتێکی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتی نێشتمانی بە سەرپەرستیی مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی بەڕێوەچوو. لەو ڕێوڕەسمەدا بەرپرسی کومیتەی دەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کاک مستەفا شلماشی لە سەر بانگهێشتنی ڕەسمیی بەشی پێوەندییە کوردستانییەکانی دەرەوەی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان بەشداری کرد.

کاک مستەفا شەڵماشی لەو ڕێوڕەسمەدا بروسکەیەکی پیرۆزبایی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی پێشکەش بە سەرکردایەتی، ئەندامان‌و لایەنگرانی یەکیەتیی نیشتمانی‌و بەشدارانی مەڕاسیمەکە کرد.

لە بروسکەکەدا وێڕای پیرۆزبایی‌و داوای سەرکەوتن لە پێناوی وەدیهاتنی ئامانجە ڕەواکانی گەلی کورد، داوا کرابوو کە یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان وزەو توانای خۆی بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی نەتەوەیی لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەکاربێنێ‌و بۆ هەمیشە فاکتەری گەشەی دێموکڕاسی‌و تەبایی بێ لە ئەزموونی هەرێمی باشووری کوردستان‌و هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان دا.

# سەردانی شاندێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوەندی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان



لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی شاندێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان گرینگترین بابەتەکانی پێوەندیدار بە کوردستان و ئێران تاوتوێ کران.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە ٣ی جۆزەردان هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەردانی ناوەندی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی کۆمەڵەوە بە سەرپەرستی عومەر ئیلخانیزادە سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا .

لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتی هەردوولا وێڕای باس و لێکدانەوەی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باسێکیان لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم ناوچەیە کرد و دواتر باسێکی تەسەلیان لە بارودۆخی ئێستای ئێران و کوردستان کرد.

هەیئەتی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان وێڕای هیوادار بوون بە ئاسۆی خەباتی خەڵکی ئێران بە دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی باسیان لە خەباتی شێلگیرانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و وێڕای بەرز نرخاندنی چالاکیی هەموو حیزب و لایەنەکانی کوردستان، تەبایی و یەکگرتوویی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیان بە پێویستیی ئەم قۆناغە لە خەبات زانی.

# کۆبوونەوەی هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان



لە دیدارو کۆبوونەوەی دوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و بزووتنەوەی گۆڕان لە سەر گرینگترین پرسەکانی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

ڕۆژی دووشەممە، ٥ی جۆزەردان هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتیری گشتیی حیزب سەردانی بزووتنەوەی گۆڕان لە مەکۆی سەرەکیی ئەو بزووتنەوەیەی لە شاری سلێمانی کردو لەلایەن هەیئەتێکی خانەخوێ بە سەرپەرستیی دوکتور محەممەد حاجی، ڕێکخەری ژووری پێوەندییە سیاسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە پێشوازییان لێکرا.

لە سەرەتای ئەو دیدارەدا کاک مستەفا مەولوودی پیرۆزبایی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی پڕۆسەی هەڵبژاردنەکانی پاڕلمانی عێڕاق‌و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی لە بزووتنەوەی گۆڕان‌و هەموو خەڵکی باشووری کوردستان کردو هیوای خواست کە ئەو ئەزموونە نوێیەش پتر یارمەتی بە بەرەوپێشچوونی دۆزی سیاسی‌و نەتەوەیی کورد لە عێڕاق‌و سەقامگیرکردنی ئاشتی‌و هێمنی لە هەرێمی کوردستان‌و؛ پتەوتربوونی ڕوحی تەبایی‌و یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کورد لە باشووری کوردستان بکا.

دوکتور محەممەد حاجی، ڕێکخەری ژووری پێوەندییە سیاسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕانیش بە بەرزنرخاندی هەڵوێست‌و ڕوانگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نیسبەت پرسە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان تیشکی خستەسەر پێویستیی تەبایی‌و یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بۆوەی قورسایی زیاتریان لە بەغدا هەبێ، بە تایبەت لەو کاتەدا کە کۆمەڵێک کێشەی جیددی‌و چارەنووسساز لە نێوان هەرێمی کوردستان‌و حکومەتی ناوەندیی بەغدادا بە هەڵپەسێراوی ماونەتەوە.

دوکتور محەممەد حاجی لە درێژەی قسەکانیدا هەڵوێست‌و ڕوانگەی بزووتنەوەی گۆڕانی بە نیسبەت پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان شی کردەوەو جەختی لەوە کردەوە کە هێزە سیاسییەکانی هەر پارچەیەک لە کوردستان لە بەشەکانی دیکەدا دەبێ پشتیوانی یەکتر بن، نەک ئەوەی بیانەوێ دەست وەربدەنە کاروباری خەباتی سیاسی‌و دۆزی کورد لە بەشەکانی دیکەدا.

پێگەی سیاسیی کورد لە ناوچە، بارودۆخی سیاسیی ئێران لە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری، پرسی پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ لە عیڕاق‌و پرسی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات چەند تەوەرێکی دیکەی ئەو دانیشتنە بوون کە لەلایەن دوو هەیئەتەوە قسەو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

# سەردانی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەڵبەندی کۆیەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی مەڵبەندی کۆیەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد.

بەبۆنەی ٣٩ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، سەردانی مەڵبەندی کۆیەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد.

هەیئەتی حیزب لە نیزیکەوە پیرۆزبایی ئەم یادەی لە بەرپرسان‌و تێکۆشەرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کردو هیوای خواست دۆستایەتیی لە مێژینەی حیزبی دێموکڕات‌و یەکیەتیی نیشتمانی لە داهاتووش‌دا ڕوو لە پێشکەوتن‌و گەشەسەندن بێ.

شایانی باسە ئەم سەردانە لەگەڵ پێشوازی‌و خۆشحاڵیی بەرپرسانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بەرەوڕوو بوو.

# سەردانی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەڵبەندی ١٤ ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی مەڵبەندی ١٤ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی لە شاری کۆیە کرد.

ڕۆژی چوارشەممە، ٣١ ی بانەمەڕ شاندێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک عومەر باڵکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب سەردانی مەڵبەندی ١٤ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی لە شاری کۆیە کردو لەلایەن شاندی خانەخوێ بە سەرپەرستیی کاک ڕەهبەر سەید برایم پێشوازییان لێ کرا.

لەو سەردانەدا شاندی حیزبی دێموکڕات بە ئاماژە بە بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی پاڕلمانی عێڕاق‌و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستان لە هەرێمی کوردستان ئاواتی خواست کە ئەم هەڵبژاردنانە زیاتر یارمەتی بە سەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان‌و پێشکەوتنەکان لەو بەشەی کوردستان بکەن.

شاندی دوولا لەو کۆبوونەوەیەدا تیشکیان خستە سەر هەندێ پرس‌و بابەتی پێوەندیدار بە کوردستان‌و عێڕاق‌و لەسەر هاوکێشە نوێیەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەت عێڕاق ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

## سەردانی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرکردایەتیی پارێزگای هەولێری پارتی دێموکڕاتی کوردستان

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی سەرکردایەتیی پارێزگای هەولێری پارتی دێموکڕاتی کوردستانی کردو لەگەڵ بەرپرسانی پارتی دێموکڕاتی کوردستان لەو پارێزگایە کۆبوونەوە.

ڕۆژی چوارشەممە، ٣١ ی بانەمەری ٩٣ هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە کاک کمال کریمی وکاک حسن قادرزادە، ئەندامانی دەفتەری سیاسی، ئیبراهیم زێوەیی نوێنەری حیزب لە هەولێرو ئەحمەد سادقپور بەرپرسی ناوەندی ٣ ی کوردستان، سەردانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێری پارتی دێمۆکراتی کوردستانیان کردو لە لایەن شاندێکی ئەو ئەنجومەنە بە سەرپەرستیی کاکەمین نەجار، سەرۆکی ئەنجومەنو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتییەوە ،



پێشوازییان لێ کرا .

لەو دانیشتنەدا شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێخۆشبوونی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی بە بۆنەی بەڕێوەچونی سەرکەوتوانەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی هەرێمی بە شاندی خانەخوێ، پارتی دێمۆکراتی کوردستانو سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە باشوری کوردستان ڕاگەیاند.

لەو دیدارەدا شاندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هیوای خواست کە ئەم پرۆسەو ئەزموونە زیاتر یارمەتی بە سەقامگیریی حکومەتی هەرێمی کوردستانو چەسپاندنی ویستو داخوازی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بدا.

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆرێکی ئیسماعیل بێشکچیدا لە هەولێر



هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆرێکی ئیسماعیل بێشکچیدا بەشداری کرد کە لەلایەن ئاکادیمیای کوردی لە هولێر بۆ بێشکچی گیرابوو.

ڕۆژی یەکشەممە، ١١ ی جۆزەردان لە هۆڵی ئەکادیمیای کوردی کۆڕێک لە ژێر ناوی « ئازادی ڕامان و ئازادی ڕادەربڕین » بۆ نووسەر و کۆمەڵناسی توورکی دۆستی نێزیکی کورد، «ئیسماعیل بێشکچی « پێک هات کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب بەشداریان تێدا کرد.

ئیسماعیل بێشکچی لە باسەکەی خۆیدا تیشکی خستە سەر چەند پرسیارێکی گرینگ کە چۆن هەتا ئێستا نەتەوەیەکی ٤٠ میلیۆن کەسیی وەک کورد ناتوانێ بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی بداو حوکمی سیاسیی خۆی بە دەستەوە بێو خاوەنی کیانی سیاسیی خۆی بێ.

ناوبراو بۆ خەسارناسیی ئەو بابەتە ئاوڕی لە ڕووداوەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانیو ڕووخانی ئیمپراتووڕی عوسمانی دایەو گوتی: هەر ئەو کاتو دوای دروستبوونی چەندین دەوڵەتو وڵات لە سەر پەیکەرەی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا جۆرێک لە تیئۆریی ئانتی کورد هەبوو و لەو سەردەمەدا لە بەر ئەوەی کوردیش خۆی وەک پێویست لە مەیدانەکەدا نەبوە، لە دابەشکردنەوەی دووبارەی نەقشەی جیهاندا کورد لە پەڕاوێز خراو، ئێستاش هەر کاتێک لە دنیای دەرەوە کوردستان و لە دەوڵەتانی زلهێز قسە لەسەر کوردو مەسەلەکەی دەکرێ، زۆر بە ئاسانی ئەو وڵامە وەردەگرینەوە کە کورد لە سەر نەقشەی جیهاندا نییە.

ناوبراو لە باسەکەیدا چەند خاڵێکی وەک ڕێکار دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی کورد لەو بارودۆخە بێتە دەرێو جەختی کردەوە کە دەبێ خوێندنەوەیەکی زانستیانە بۆ مێژووی دوای ١٩٢٠ بکرێ کە بۆ سیستمی نێودەوڵەتیی ئانتی کورد بووەو، کورد دەبێ هەوڵ بدا لە ئۆڵەمپیادە جیهانیەکاندا بە ئاڵای خۆیەوە بەشدار بێ، بۆ ئەوەی نەتەوەو دەوڵەتەکانی دیکە زیاتر و زیاتری بناسن .

شایانی باسە لە کۆتایی کۆرەکەدا بەشداران بە سەرنجو تێبینیو پرسیار بەشداریان لە باسەکەدا کرد کە دواتر لە بێشکچییەوە وەڵامی پرسیاری بەشداران درایەوە.

## دیدارو سەردانەکانی نوێنەرایەتیی حیزب لە هەولێر

نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێرو نوێنەرایەتیی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی باکوور لە هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.

ڕۆژی چوار شەممە، ٧ ی جۆزەردان دوکتۆر موسا کەڤاڵ، نوێنەری پارتی دێمۆکراتی کوردستانی باکور لە هەرێمی کوردستان سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێری کردو لە لایەن کاک ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبەوە



پێشوازیی لێ کرا .

## سەردانی ڕێکخراوی ئاشتی لە دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب

سەرۆکی ڕێکخراوی ئاشتیی خێرخوازی لە هەرێمی کوردستان سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە شاری هەولێر کرد.

ڕۆژی سێشەممە ٦ ی جۆزەردان شێخ دلێر نەقشبەندی، سەرۆکی ڕێکخراوی ئاشتیی خێرخوازی لە هەرێمی کوردستان سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێری کردو لەلایەن شاندی نوێنەرایەتیی حیزب بە سەرپەرستیی کاک ئیبراهیم زێوەیی پێشوازیی لێ کرا.

لەو دانیشتنە دا دوولایەن لە سەر هێندێک پرسی پێوەندیدار بە هەرێمی کوردستانو ناوچەو بە تایبەت چەمکەکانی ئاشتی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، دێمۆکراسیو هەروەها چۆنیەتیی جێگیر کردنی ئەم چەمکانە لە کۆمەڵگاو ئاشناکردنی تاکی کورد بە پەیڕەو کردنی ئوسولو پرێنسیپەکانی مافی مرۆڤ هاتنە بەر باسو، ئاڵوگۆری بیروڕایان لە سەر کرا.

## بەشداریی کۆمیتەی کانادای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سمینارێکی ماڵی کورددا

کۆمیتەی ڕۆژئاوای کانادای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سمینارێکی ماڵی کورد لە ڤانکوێردا بۆ باس لە سەر پرسی کورد بەشداری کرد.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی یەکشەممە، ١٨ی مانگی مەی بە بەشداریی ژمارەیکی بەرچاو لە کوردانی هەموو بەشەکانی کوردستان بەرێوەچوو، خاتوو لۆری فرەیزەر، نوسەری ناسراوی کانادایی کە کتێبێکی لەسەر کورد بە ناونیشانی «وشە نەگوتراوەکان» نووسیوە لەگەڵ خاتوو ئاڤا هۆما، مامۆستای زانکۆیی جۆرج براون لە ئانتاریۆ باسەکانیان پێشکێش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو سمینارە دا پەیامی ماڵی کوردلەلایەن خەلیل ئەشکانی، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژئاوای کاناداوە خوێندرایەوە کە لەودا باس لە بەربەستو ڕێگرییەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر چالاکیی ڕۆژنامەنووسان بە گشتیو رۆژنامەنووسان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرابوو.

لەو پەیامەدا بە ئاماژە بە تێچووی زۆری چالاکیی ڕۆژنامەنووسیو هەڵسووڕان لە بواری مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماژە بە عەدنان حەسەنپور و خوسرەوو مەسعود کوردپور کرابوو کە لەسەر ئەو چالاکییانە لەلایەن دەزگای قەزایی ڕێژیمەوە سزای زۆر قورسی زیندان و دوورخراوەییان بەسەردا سەپاوە.

## دانمارک: کۆبوونەوەی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ بەشی پەیوەندییە نێونەتەوەیەکانی یەکیەتیی لاوانی سۆسیال دیمۆکرات



لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی نێوان شاندێکی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ بەشی پەیوەندییەنێونەتەوەیەکانی یەکیەتیی لاوانی سۆسیال دیمۆکراتی ئەو وڵاتەدا پرسی بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوتوێ کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا شاندی حیزب چاوی بە سیمۆن ڕێدار تۆمسۆن، بەرپرسی پەیوەندییە نیونەتەوەییەکانی یەکیەتیی لاوانی سۆسیال دیمۆکراتی دانمارکو خاتوو ئەمانادا نیلسن کەوت.

لەم دانیشتنەدا ئامانج پیرمە، بەرپرسی پەیوەندییەکانی کومیتەی دانمارکیو ڕەشید قازی بەرپرسی کۆمیتە ناوچەی شیلەند لە سەر پرسی کوردو بارودۆخی ئیرانو گرفتی کوردەکانی نیشتەجی لە دانمارک، بەتایبەتی لاوانی کورد بۆ هەیئەتی خانەخوێ دوان. ئامانج پیرمە لە سەر داوای سیمۆنە باسێکی کورتی لە سەر ڕەوشی سیاسیی ئێرانو مێژووی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو گرتنەبەری سیاسەتی تێرۆرو سەرکەوتی دوو ڕێژیمی پاشایەتیو کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە داخوازی کورد کرد.

لە تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دانیشتنەدا باس لە تێکەڵاویی لاوانی کورد لەگەڵ سیستەمی وڵاتانی ئورووپایی بە گشتیو وڵاتی دانمارک بە تایبەتی کراو شاندی خانەخوێ پێشنیاری کرد بۆ باشتر تێکەڵبوونی لاوان لە سیستمی کۆمەلگەی دانمارکیداو کەڵک وەرگرتن لە وزە و تۆانا ئەوان زیاتر هاوکاری یەکتر بکەن.

شایانی باسە پرسی داخوازیی کورد لە نێوان دێموکراسیو مافی نەتەوەییو مافی چارەنووس بابەتێکی دیکەی ئەو دانیشتنە بوو کە لەلایەن ڕەشید قازییەوە بە کورتی قسەی لە سەر کراو دواتر لە لایەن هەیئەتی حیزبەوە پرۆتۆکێلێک بۆ دانیشتنەکانی داهاتوو و هاوکاریی زیاتر لە نیوان سۆسیال دیمۆکراتەکانو حیزبی دێموکراتو یەکیەتیی لاوان پێشکەشی لایەنی خانەخوێ کرا کە لەلایەن ئەوانەوە بە گەرمی پێشوازیی لێکرا.

## نۆروێژ: بەڕێوەچوونی سمینارێک بە بۆنەی لە ڕۆژی جیهانیی منداڵان

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان ڕۆژی یەکشەممە، ١١ ی جۆزەردان، سمینارێکی هاوبەشیان بۆ محەممەد ئەحمەدیان و مەجید پالانی پێک هێنا.

لە سەرەتای ئەو سمینارەدا پەیامی هاوبەشی یەکیەتیەکانی لاوانو ژنان بەو بۆنەیە لەلایەن مەحبوب ڕەحیمی، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ پێشکەش کرا.

لە درێژەی باسەکانی سمینارەکەدا محەممەد ئەحمەدیان، باسێکی تایبەتی لە سەر « گرینگیی زمان و زمانی زگماکی» کرد.

لە پانێلی دووهەمی سمینارەکەش مامۆستا مەجید پاڵانی وتارێکی لە سەر پەروەردەی منداڵ هەر لە قۆناخەکانی سکپڕی دایک بە کۆرپەکەی، دوای



هاتنە دونیای منداڵ، دەسپێکی پەروەردە بە باخچەی ساوایان، قوتابخانە سەرەتاییەکان، ناوەندیو دواناوەندی، واتا لە تەمەنی لەدایک بوونەوە تا تەمەنی هەژدە ساڵی، پێشکەش کرد.

پێویست بە ئاماژەکردنە کە نێو ئاخنی سمینارەکە بە خوێندنەوەی دوو پارچە شێعر لە لایەن دوو منداڵی خاوەن بەهرە، شەکیلا حاجی ئەحمەدی و بێریوان ڕۆستەمیو هەروەها تابلۆیەکی جوانی هەڵپەرکێی کۆری هونەریی یەکیەتی لاوان، ڕازابۆوەو لە کۆتایی سمینارەکەش دا خەڵات بە سەر هەموو منداڵەکان دا دابەش کرا.

سەرنج بدەن!

« کوردستان» هەموو ژمارەیەک هەڵبژاردەیەک لەو راپۆرتو هەواڵانەی لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، یان خوێنەرانی ئەم رۆژنامەیە بە راگەیەنەکانی حیزب دەکەن لەم لاپەڕەیەدا بڵاو دەکاتەوە. داوا لە خوێنەران دەکەین لەگەڵ راپۆرتو هەواڵەکانیاندا وێنەی پێوەندیدار بە بابەتەکەش بنێرن.

**ناوچەی سەردەشت:**

## هەڵدێرانی بۆردزێلێکو کوژرانی شۆفیرەکەی

سەرلەبەیانیی رۆژی ٣١ی بانەمەڕ لە پشتی گوندی بێتووشی ناوچەی سەردەشت، بۆردزێلێکی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاتی کارکردن دا، هەڵدێرا و شۆفیرەکەی کە خەڵکی پیرانشار بوو، کوژرا.

**خدر. پ لە ناوچەی سەردەشت**

**

## کوژرانی کاسبکارێک لە نزیک گوندی چەکۆ



شەوی ١ی جۆزەردان، ماشێنی کاسبکارێک بە ناوی حوسێن پەرواز، تەمەن ٣٢ساڵ، خەڵکی مەهاباد لە گوندی چەکۆی ناوچەی سەردەشت دەکەوێتە بەر دەسرێژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیو دەکوژرێ. بارەکەشی دەستی بە سەردا دەگیرێ.

**جەنگی ٥٠ لە ناوچەی سەردەشتەوە**

**

## شەڕی خەڵکی باینگان و بیۆەن دەیان بریندار لێکەوتەوە

رۆژی هەینی ٩ی جۆزەردان، خەڵکی باینگان و خەڵکی ئاوایی بیوەن لە سەر زەوی و زار لە هاوینە هەواری زەمەگە و قولقولە بە شەڕ هاتوون. سەرەرای حوزووری هێزی ئینتیزامی، چەکی ڕاو بە کار هاتوە و زیاتر لە کەس خەڵکی باینگان بریندار بوون. کەسێکیش بە ناوی عیرفان باینگانی کوڕی سێمان، کو ژراوە. هێندێک لە بریندارەکان بریتین لە نادر نادری، ئولفەت خوسرەوی و وەلی باینگانی، برینەکانیان قورسە و هەر ئێستا زیاتر لە ٣٠ کەس لە برینداره‌کان لە نەخۆشخانەکانی شاری کرماشانن.

**ڕزگار لە پاوەوە**

## بۆکان: هێزی ئینتیزامی کەوتە کۆکردنەوەی سواڵکەرەکان

رۆژی ١٣٩٣/٢/٢٨ هێزی ئینتیزامی دەستی کرد بە کۆکردنەوەی سواڵکەرەکانی نێو شارو قەراغ شار. کۆکردنەوەی ئەم سواڵکەرانە لە چوارچێوەی تەرحێک دایە بە ناوی «طرح جمع آوری متکدیان». سواڵکەرەکانیان برد بۆ دادگا. دەبێ بوترێ کە بۆکان ئێستا ژمارەیەکی زۆر سواڵکەری غەیرە کوردی لێ‌دەبینرێ کە زۆربەیان پاکستانی و بەلووچن.

**هیوا چیا لە بۆکانەوە**

**

## ناوچەی سەلاسی باوەجانی: کوژرانی ٢ کەس لە سەر کێشەی کۆمەڵایەتی

رۆژی هەینی ٢ی جۆزەردان، لە نێوشاری هوز عالی ناوچەی سەلاسی باوەجانی، کەسێک بە ناوی ی.ق، ٢ کەسی بە ناوەکانی عظیم عباسی و رامین مرادی بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی، بە چەک کوشت.

**عەبدوڵلا.م، ناوچەی سەلاسی باوەجانی**

**

## ئاکامەکانی کەمبارانیو بێئاوی لە گوندەکانی بۆکان

بە هۆی کەمبارانیو بێئاوی لە ناوچەکانی بۆکان، زەرعاتو بەروبووی کشتوکاڵی لە گوندەکانی کانی قەڵا، کانی گورگە، کانی سەوزە، ئاغجیوان، گامێشگۆلی، گامێشانو ئەربەنووس، تووشی زیان هاتوون. سەرچاوەکانی ئاوی ناوچە بە هۆی لێدانی ئاوبەندی زۆرو رەوانەکرانی ئاوەکانیان بۆ تەورێزو شارە دوورەکان، وشک بوون. لە ئاکام دا ناوچە کوردنشینەکان تووشی زیان بوونو رەنجو زەحمەتی خەڵک بە خەسار چووە.

**بۆکان: رزگار١٤**

**

## پاوە: کوژرانی کەسێک بە هۆی کەوتنە سەر مین



رۆژی پێنجشەممە ٨ی جۆزەردان، کەسێک بە ناوی پەیمان حەیدەرزادە کوڕی وەهاب، خێزان‌دار ٣٢ ساڵە، دانیشتووی شاری پاوە لە چیای شاهۆ بە هۆی تەقینەوەی مین گیانی لە دەست دا و دوو کەسیش بریندار بوون.

**

## پووڵ ستاندن لە کاروانچیان بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان!

رۆژی ٢ی جۆزەردان، کاتژمێر ١١ی شەو لە ئاشی پشت شکاوێ لە نزیک گوندی گۆڕەشێر، پۆلێک لە کاروانچییەکانی دۆڵەتوو، لە لایەن چەند چەکدار پێشیان پێ دەگیرێ. ئەو چەکدارانە خۆیان وەک پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەناسێننو هەر بەو ناوەش پووڵیان لێ دەستێنن.

**خ.پ لە ناوچەی سەردەشتەوە**

# لە کۆمەڵگایەکی یاغییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی سڕکراو!



**خالید محەمەدزادە**

ئەمرۆکە زیاد لە مەترسییەک دەورەی کۆمەڵگای ئێمەی لە ئێران داوە، ئەو مەترسیيانە هەر لە دانانی بەرنامەی درێژمەودا بۆ هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووری، کەلتووریو سیاسیو کۆمەڵایەتی‌را بگرە تا گۆچکردنی ئەم کۆمەڵگایەو هەڵوەشانەوەی شیرازەی کۆمەڵایەتی کە لە دواجار پاڵپێوەنانی بۆ بێ‌تەفاوەت بوونو نابەرپرسیار بوونی نەوەکانی بەرامبەر بە خۆی.

ئەمرۆکە لە ژێر سەرپەرشتی سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا زیاد لە هێزێکو بە خودی سیستمیشەوە کار لە سەر سڕکردنی کۆمەڵگای ئێمە دەکەن، کە بڵاوکردنەوەی جۆرەکانی مادەی هۆشبەر یەکێک لە رێکارەکانی لێدانە لەم کۆمەلگایە، بە جورێک کە ئێستا لە هێندێک لە شارەکانی کوردستان وەک سەردەشت کە لە جوانی سروشت دا بە بووکی کوردستان بە نێو بانگە، دەبن بە شوێنی بەرهەمهێنانو ترانزیتی مادەی هوشبەر.

حکوومەت لە ئێران کاری لە سەر هەڵتەکاندنی ژێرخانی کۆمەڵایەتیو کەلتووریو سیاسی کردوەو بەرەنگاروبونەوەی ئەمە بەرنامەڕێژی بەرفراوانی میدیاییو کەلتووریو سیاسی دەوێن. جیاوازی حکوومەتی ئێران لە گەل حکوومەتەکانی تورکیاو سووریاو عیراق کە زۆر کەسی فریوداوە، ئەوەیە کە ئەم سیستمە بە سەبکی شەڕی نەرم کار لە سەر هەڵتەکاندنی هەموو ئەو خەونو ئارەزووانە دەکات کە دەکرێت لە داهاتوودا وڵاتێکی لە سەر بونیاد بنرێت. ئەگەر حکوومەتی عیراق لە سەرخان دا ٥ هەزار مرۆڤی هەڵەبجەو ١٨٢ هەزار کوردی ئەنفال کرد، حکوومەتی ئێران زۆر زیاتر لەوە کوردی لە ناخەوە هەڵتەکاندووەو لە کوردبوون خاڵی کردونەتەوە، هەموو ئەوانەشی نەفەسێکی لە کوردبوونیانی تێدا بووە یا راوی ناوڕو کوشتونی یا قیبلەی جووڵەیانی پێ‌گواستوەتەوە بۆ شوێنی‌تر.

بڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەر تەنیا رووبەکی ئەم هەڵمەتەیە کە لە دواجاردا کارەساتی گەورەی بە دوای خوی هێناوە. دیوێکی ئەم تراژیدایە بێدەنگبوونو لاڵبونو نەبوونی بەرنامەیەکی نیشتمانییە بۆ بەرەنگاروبونەوەو پاککردنەوەی کوردستان لەم حاڵەتە، تا ئاستی ئاسایی سەیرکردنی دیاردەکەیە.

راستە لای ئێمە لە رواڵەت زۆرترین قسە لە سەر مەترسییەکانی ئەم کارەساتە کراوە، بەڵام هیچیان نەبوون بە کردارو بەرنامەیەکی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوە. بەرەنگاربونەوەی ئەم کارەساتە کە بووە بە بەشێک لە سیمای کومەڵگای کوردی، تەنیا بە پیشاندانی مەترسییەکانی کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو دەبێت هەنگاوی جیدیو پراکتیکی لە سەر ئاستی رۆشنبیری، میدیاییو کەلتووریو کۆمەڵایەتیو... بۆ وەرێ‌بخرێتو هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربونەوەی پێویستە.

لە بیرمان نەچیت ئەوەی کۆمەڵگای کوردی لە گەڵ کۆمەڵگا کوردییەکانی‌تر لە بەشەکانی دیکەی کوردستان جیا دەکاتەوە، جیا لە کۆمەلێک دەرکەوتەی کەلتورویو سیاسیو... بوونی رێژەیەکی زۆری خەڵکی توشبووە بە مادە هۆشبەرەکان بە جورێک کە ئەوەندەی‌تر جیاوازییەکانی قووڵتر کردوەتەوە.

بە هەمان رێژەی بڵاوبوونەوەی جورەکانی مادەی هۆشبەر لای ئێمە کار نەکراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەیو وەک وتیشم لە ئێستادا کار لە سەر ئەوە کراوە کە ئەم پرسە بە ئاسایی سەیر بکرێتو وەک نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی پیشان بدرێت بێ‌ئەوەی لە سەر ئاستی گشتی کارێک بکرێت.

ئەگەر ئەمە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتییە، دەبێت بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی بە دوای خوی بێنێو ئەو راستییە قەبووڵ بکەین کە ئەمە تەنیا بەرپرسیارەتی ئەخلاقی ناخاتە سەر شانی تاکەکەسو توشبوان، بەڵکوو بەرپرسیارەتی گشتیو غەمی گشتی دەوێ.

لەئێستادا گرنگە ئەم پرسە بکرێت بە پرسی گشتی، بکرێت بە پرسی ناوبازارو کوچەو کۆلانو ماڵانو دیالۆگی گەورە دروست بکات لە سەر ئاستی بنەماڵەو کۆمەڵگا، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، نوخبەو هەڵکەوتەی وڵاتو ئەو نوخبە رۆشنبیرییەی کە کار لە ناوەندە کۆمەڵایەتیو میدیاییو کەلتووریو سیاسییەکان دەکەن دەبێت بە جیدیی لە گەل ئەم کارەساتە رووبەروو ببنەوەو وەک غەمێکی نیشتمانی سەیر بکرێت.

ئەوەی لە پشت ئەم کارەساتەوەیە تەنیا موعتادکردنی چەند کەسێک نیە، بەڵکوو سڕکردنی کۆمەلگایەکە کە خەونی جیاوازو خواستی جیاوازو نایەکی گەورەی پێیە بەرامبەر بە ناعەداڵەتی سیاسی لە وڵات.

ئەوەی کۆمەلگای کوردی لە بەشەکانی دیکەی ئێران جیادەکاتەوە تەنیا کوردبوون نیە، بەڵکوو ئەو «نا»گەورەیە کە ئەم کۆمەلگایە هەر جار ناجارێک لە خوی پیشاندەداتو سیستمیش کار لە سەر خەفەکردنی ئەم یاغیبونە دەکاتو جۆرەکانی مادەی هۆشبەریش یەکێک لە رێگاکانی دابەزینی ئەم دەنگە لە نارەزایی بوونە.

مرۆڤی ئێمەو هیزە بەرپرسیارەکانی ئیمە نابێت بە ئاسایی سەیری ئەم دیاردەیە بکەنو خەباتێکی نەتەوەیی فرە رەهەندی دەوێت هەم بۆ دانی بێداریو هوشیاریەکی نەتەوەیی بۆ بە ئاگابوون هەم بۆ بەرەنگاربوونەوە.

بەرەنگاروبونەوەی ئەم کارەساتە هەڵویستو کاردانەوەو خەباتی گشتگیری نەتەوەیی دەوێ، ئەو کاتەی ئێمە دەتوانین باس لە خەباتێکی گشتگیری نەتەوەیی بکەین کە کۆمەڵگایەکی ساغلەمان هەبێتو تەندروستی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو فەرهەنگی بەردی بناغەی نەتەوەیی بوون لە داهاتووی ئیمە بونیاد دەنێن.

لە ئێستاکە هێزەکانی کۆمەڵگای ئێمەو ویژدانی زیندووی کۆمەڵگا لە بەردەم تاقیکردنەوەی مێژوییدانو دەبێت بە هەموو شێوەیەک کار بۆ ریشەکێشکردنی ئەم دیاردەیە بکرێتو ئەو راستیە سادەیە بزانین کە داهاتووی وڵاتی ئیمە لە سەر کۆمەڵگایەکی سرکراو بونیاد نانرێت، بەڵکوو لە سەر کۆمەڵگایەکی تەندروستو سەرکێش بونیاد دەنرێت کە خەونی گەورەی بۆ بونیادنان هەبێت.



# پەیامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان

**ڕۆژی ١ی ژووئەنی ٢٠١٤، ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە ڕێوڕەسمێکی بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و سەدان کەس لە منداڵان و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکڕات بەڕێوە برد. لەو ڕێوڕەسمەدا د. ئاسۆی حەسەن زادە لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە وتەیەکی پێشکەش کرد. ئەمەی خوارەوە دەقی داڕێژراوەی قسەکانی ناوبراو لەو ڕێوڕەسمەدایە:**



ئەم کاتەتان باش! بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە پیرۆزبایی لە مناڵە چاوگەشەکان و لە هەموو ئەو بەڕێزانە کە ئەرکی قورس و پیرۆزی پەروەردە کردن و پێگەیاندنی منداڵەکانیان لەسەر شانە – دایکان و باوکان و مامۆستایان- دەکەم. دەستخۆشی و سوپاسیش لە ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ڕێوڕەسمە جوانە.

جەژنی جیهانیی منداڵان کە هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ١ی ژووئەندا بەڕێوە دەچێ، کاتی خۆی زۆرتر لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا باو بوو. بەپێی ڕیوایەتێک کونسولی چین لە سانفرانسیسکۆ [ساڵی ١٩٢٥] بڕیاری دا کۆمەڵێک منداڵی بێسەرپەرستی چینی وەعۆدە بگرێ و دوای ئەوە کەرنەڤاڵێکی بۆ بەڕێوە بردن کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆنفڕانسێک کە هەر ئەو ڕۆژە لە ژنێڤ سەبارەت بە مافەکانی منالان بەڕێوە دەچوو. دواتر وەک نەریتێک ئەم ڕۆژە بووە ڕۆژی جیهانیی منالان. دیارە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕۆژی ٢٠ی نۆڤامبری کە ڕۆژی پەسند کردنی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافەکانی مناڵە بە ڕۆژی جیهانیی مافەکانی منالان دیاری کردووە؛ هەر لەم مانگەدا ڕۆژی ١٢ی ژوئەنیش بەدژی کارکردنی منالان دانراوە و وا بزانم لەپێوەندی لەگەڵ منالانی چەکداریشدا ڕۆژێکی تایبەتی هەیە.

بەهەرحاڵ گرینگ ئەوەیە کە منالانی ئێمەش کە لە بارودۆخێکی تایبەتیدا دەژین هاوکات لەگەڵ منالانی دنیا شادی بکەن و ئەو ڕۆژە بکەنە دەرفەتێک بۆ کەیف و خۆشی و دەرخستنی تواناکانیان، هەم وەک منال، و هەم وەک منالی کورد هەتا بە جلوبەرگی کوردییەوە ئاهەنگی هونەری بەڕێوە ببەن و سروود و گۆرانی و شانۆ و هەڵپەڕکێی کوردی پێشکەش بکەن.

باسی بارودۆخی تایبەتیی منالانی خۆمانم کرد. منالانی ئێمە منالانی شۆڕشن. هەر کە لەدایک دەبن دەکەونە نێو کۆشی خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان. هەربۆیەش ڕووبەڕووی زۆر بێبەشی و مەترسی دەبنەوە. بەڵام لەسایەی هەوڵی خۆیان و هیممەتی دایکان و باوکانی بەرپرس و مشووری ئەوانەی وا ئەو خەباتە بەڕێوە دەبەن، بەخۆشییەوە دەبینین کە ئەو منالانە کەسانی نموونەیان لێ دەردەچێ؛ لە قوتابخانە لە یەکەمەکانن، لە کۆمەڵگادا بەڕەوشتن و بەرامبەر بە مەسەلەی میللەتی خۆیان بێ تەفاوەت نین و لێی حاڵین.

ئەو خەباتە کە ئەو منداڵانەی تێدا پەروەردە دەبن بەدژی سیستمێک وەڕێ خراوە کە تەنیا ئازادی لە گەلەکەمان زەوت ناکا، بەڵکوو سیستمێکی دژە مرۆییشە کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەچەوسێنێتەوە و بێ مافیان دەکا، بەتایبەت منالان کە هەستیارترین و ناسکترین توێخی کۆمەڵگا پێک دێنن. لەحاڵێکدا کە نزیک بە نیوەی حەشیمەتی ئێران پێناسەی پەیمانی مافەکانی منال دەیگرێتەوە، کۆماری ئیسلامی هەتا ساڵی ١٣٧٣ ئەو پەیمانەی پەسند نەکرد و تەقریبەن ئاخرین دەوڵەتی جیهان بوو کە چووە گەڵ ئەو پەیمانە. ئێستا ڕێکخراوی یوونیسێف لە ئێرانیش ئۆفیسی هەن، و کۆماری ئیسلامی ئیدیعا دەکا کە لەبواری مافی منداڵاندا لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نموونەیە و ئەگەر کێشەیەکیش هەبێ ئەوە زۆرتر کێشەی منالە کۆچبەرە ئەفغانییەکانە (هەروەک ئەوەی پێی وابێ کە بەرامبەر بە منالانی پەنابەر هیچی ئەرک و ئیلزامێکی لەسەر نیە).

بەڵام واقعییەتی مەسەلەکە شتێکی دیکەیە. لە کاتی پەسندکردنی ئەو پەیمانەدا کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاندووە کە بەو مەرجە پەیمانەکە ئیمزا دەکا کە بەندەکانی دژایەتیی لەگەڵ یاسای نێوخۆیی و پێوەرە ئیسلامییەکان نەبێ. تێبینییەک کە بەهۆی ئەوەی زۆر گشتی و ناڕوونە و بەپێچەوانەی مەبەست و ئامانجی پەیمانەکەشە، جێگای قبووڵ نیە. ئەگەر چاوێکیش لە کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە بواری پاراستن و پەرەپێدانی مافەکانی منداڵاندا بکەین دەبینین کە هەم قانوون و هەم کارکردی ڕێژیم لەو بوارەدا بەتەواوی لەگەڵ نێوەرۆکی پەیماننامەکەدا ناتەبایە:

لەباری کەسێتیدا تەمەنی باڵغ بوون و ئیزدواج لە یاسای مەدەنیی ئێراندا بەتایبەتی بۆ کچان زۆر لە خوارێیە (لە ٩ تا ١٣ ساڵ) و بەدەیان هەزار نموونەی ئیزدواج و تەلاقی منالانمان لە ئێراندا هەیە. تەمەنی بەرپرسیارێتیی جیناییش لە ئێران بە هەمان شێوە زۆر نزمە و زۆر جار هەبووە کەسانێک بە هۆی تاوانێک کە ڕەنگە پێش تەمەنی هەژدە ساڵی ئەنجامیان دابێ، ئێعدام کراون. ئەمڕۆ زۆر باسی منالانی کار یا منالانی سەر شەقام لە ئێراندا دەکرێ. ئەگەر لە ئامارەکانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار و بنیاتە پێوەندیدارەکان لە نێوخۆی وڵات بڕوانین، دەبینین ڕێژەیەکی گرینگی حەشیمەتی کارکەری ئێران (لەنێوان ٣ تا ٥ میلیۆن کەس) لەڕاستیدا لە منالان پێک هاتووە، شتێک کە قانوون بۆخۆی لەڕێگای چەمکی وەک کارکردنی ناوماڵ و کارگەی بچووک و کرێکاری مێرمنداڵ ڕێگای بۆ خۆش کردووە. سەبارەت بە منالانی سەر شەقام دەگوترێ کە تەنیا لە تاران بیست هەزار منالی دەستفرۆش هەیە. ئەو منالانەی دەبێ بۆ وەدەستهێنانی بژیوی خانەوادەکانیان کار بکەن، ناچارن واز لە قوتابخانەش بێنن و بەم جۆرە لە خوێندن بێبەش بن. شتێک کە لە گوندەکاندا زۆر بەرچاوە بەتایبەتی لە کوردستان کە ئێستاش دیاردەی منالانی کورەخانە هەر بەردەوامە. لە ئێران منالان هەروەها لەبواری تەندروستیشدا زۆر بێنازن. بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان بەدخۆراکی و ڕێژەی مردنی ساواکان لە ئێران چوار پێنج ئەوەندەی نێونجی وڵاتانی پێشکەوتوویە. منالان لە ئێران لەنێو کۆمەڵگایەکی پڕ لە توندوتیژیدا گەورە دەبن. ئەو توندوتیژییە ئەگەر سەردەمێک لە بەسیج کردنی منالان و ناردنیان بۆ بەرەکانی شەڕدا خۆی دەنواند، ئەمڕۆ لە بەشداریی منالان لە مەڕاسیمەکانی ئێعدام لە مەیدانی گشتیدا یان وەسەرمین پەڕینیان لە ناوچە سنوورییەکانی وەک کوردستاندا خۆی دەردەخا، یا لانیکەمەکەی ئەوەیە کە منالان لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە زۆر پەتای وەک مەوادی موخەدیری تێدایە. ئەو ژینگە نەگونجاو و پڕ کێشە و گرژییە کە منالانی تێدا هەڵ دەدەن نەک هەر هەڕەشە لە جەستەی منالان دەکا، بەڵکوو زیانی گەورە بە سەلامەتیی دەروونیشیان دەگەیەنێ.

لێرەدا پێم خۆشە باسی پرەنسیپێکی پەیمانی مافەکانی منال بکەم کە بۆ ئێمەی کورد زۆر گرینگە، ئەویش قەدەغە بوونی هەڵاواردن (عدم تبعیض)ە کە لە سەرەوەی بەندەکانی ئەو پەیمانەدا ڕاگەیەنراوە. لە ئێراندا دەکرێ منالان بەهۆی هەموو ئەو بێمافییانەی ژنان لەگەڵی بەڕەوڕوون یا تەنیا لەبەر ئەوەکە دایکیان شووی بە پیاوێک کردووە کە ئێرانی نیە لە زۆر لەو مافانەی لەو پەیمانەدا هاتوون بێبەش بکرێن بەتایبەتی لەبواری هاووڵاتیبوون و سەرپەرستی و میراتگریدا. منالان هەروەها بە هۆی ئەوە کە دایک و باوکیان چالاکی سیاسی و مەدەنییە دەبێ لە سووچی زیندانیش‌دا بەشدار بن. چەندە زۆرن نموونەی ئەو منالە ساوایانەی بەهۆی بیروباوەڕی سیاسیی دایکیان ئەوانیش کەوتوونە بەر مەترسییەکانی نێو گۆشەی زیندان و تەنانەت تێدا چوون. لە هەمووشی گرینگتر بۆ ئێمە وەک کورد ئەوەیە کە بەپێی پەیمانی مافەکانی منال، پێویستە منالان بە زمان و فەرهەنگی دایک و باوکیان ئاشنا بکرێن و لە مافەکانیان وەک منالی سەر بە «کەمایەتییەکان» سوودمەند بن کە سادەترین و سەرەکیترینیان مافی خوێندن بە زمانی دایکە کە دەزانین لە ئێراندا قەدەغە.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم ئەو مۆدێلە لە پێگەیاندنی منال و لە ڕوانین بۆ جێگە و پێگەی منال لە کۆمەڵگادا کە ئێمە باوەڕمان پێیە و دەبێ خەباتی بۆ بکەین دروست دژە مۆدێل و پێچەوانەی ئەو شتەیە کە لە کۆماری ئیسلامیدا باوە. لە سیستمی پەروەردەیی ئێرانی ئیسلامیدا هەوڵ دەدرێ منالان بەتایبەتی منالانی کچ ملکەچ بار بێن، «ئاقڵ» دانیشن، و تەنانەت پرسیاریش نەکەن. ئەوان بۆیە دەیانەوێ منالان بێدەنگ و شەرمێون بار بێنن هەتا لە دواڕۆژدا هاووڵاتیی وایان لێ دەربچێ کە بترسن و ڕەخنە نەگرن و سەربزێو نەبن. بەپێچەوانەوە، لە باوەڕی ئێمەدا پێویستە منداڵان بیرفراوان و ئازا پەروەردە بکرێن و بە مافە مرۆییەکانی خۆیان گۆش بکرێن. ڕەنگە بۆ زۆرتان سەیر بێ، بەڵام زۆر لەو مافانەی مرۆڤ –وەک ئازادیی بیرکردنەوە و ئازادیی ڕادەربڕین و بە گشتی هەقی هەڵبژاردن- کە ڕەنگە پێمان وابێ تەنیا مافی مرۆڤی باڵغن، بەڕوونی لە پەیمانی مافەکانی منداڵدا هاتوون چونکە ئامانجی پەروەردە کردنی منال ئامادەکردنی بۆ سەرکەوتن لە ژیاندا و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە دواڕۆژدایە و ئەوەش کاتێک دەکرێ کە –وەک لە پەیمانەکەدا هاتووە- هەر لە سەرەتاوە شەخسییەت بە منداڵ بدرێ.

بێگومان ئێمە دەبێ دەستی منالان بگرین، ڕێنوێنییان بکەین، ڕابردووی خۆمان و میللەتی خۆمانیان بۆ بگێڕینەوە، فێری بەها جوان و بەرزەکانیان بکەین بەتایبەتی لەبواری ڕەوشت و ڕێزگرتن لە گەورەتر لە خۆیان و دڵفراوانی و یەکتر قبووڵ کردن و هەستی هاوپێوەندی لەگەڵ منالانی دیکەی دنیادا، هەروەک لە لۆگۆی جیهانیی منالاندا دەردەکەوێ کە لەودا ئەو کۆمەڵە منالە بچووکەی بەدەوری زەویدا دەستی یەکتریان گرتووە، هەر کامەیان لە ڕەنگ و شکڵێکی جیاوازن. هەر ئێستا بیر لە منالانی سوریە دەکەمەوە کە لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا ڕێک بە هاودەستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ژمارەیەکی چەندە زۆریان بە شێوەیەکی چەندە وەحشیانە بوونە قوربانی.

بەڵام با ئەوەش بە خۆمان بڵێین کە پێویستە لێ گەڕێین منالەکانمان منالیش بن، منداڵانە بجووڵێنەوە و چێژ لە دەورانی منداڵییان وەربگرن. ئەو کاتەیە کە منالان باشتر هۆگری و خەللاقییەتەکانیان وەدەردەخەن و لە ژیانی ئایندەشیاندا کەسانی بەخۆوەژیو و متمانەبەخۆیان لێ دەردەچێ. ڕۆژ و کاتی شادی و خۆشیی منداڵەکانە. جارێکی دیکە بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە هەموو منالە خنجیلانە و خۆشەویستەکانی خۆمان و هەموو کوردستان دەکەم.



**لە هەمووشی گرینگتر بۆ ئێمە وەک کورد ئەوەیە کە بەپێی پەیمانی مافەکانی منال، پێویستە منالان بە زمان و فەرهەنگی دایک و باوکیان ئاشنا بکرێن و لە مافەکانیان وەک منالی سەر بە «کەمایەتییەکان» سوودمەند بن کە سادەترین و سەرەکیترینیان مافی خوێندن بە زمانی دایکە کە دەزانین لە ئێراندا قەدەغە.**

---

درێژەی:

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوو ڕوخساری دژ بەیەک!

تێکهەڵچوونی خوێناویی خەڵکی باینگان‌و بێوەن کە کوژراوێک‌و زیاتر لە ٦٠بریندراری لێکەوتەوە، پێکهەڵپڕژانی پڕتێچووی دوو بنەماڵە لە ترکەشی پیرانشار کە کوژرانی ٤ کەسی بە دواوە بوو، دوو لەو نموونانە بوون. هەر لەم بەهارە دا چەند حاڵەت کوشتنی بە ئەنقەست لە ناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان داوە. پێشتریش شەڕی نێوان دوو تایفە یا دانیشتوانی دوو گوندی ناوچەیەک لە سەر کێشەی ئاوو زەوی‌و لەوەڕگە هەر لەم ساڵانەی دواییدا مردن‌و

**پێگەیشتوویی فکری‌و فەرهەنگی‌و گەشەکردنی ڕوانین‌و بیرکردنەوەی مەدەنیانەو ڕەنگدانەوەیان لە ژیان‌و هەڵسوکەوتی تاکەکاندا، پێشتریش بە زۆرشێوە لە نێوخەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، خۆی نیشانداوە. دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی، بەرەوڕووبوونەوەی هێمنانە لە گەڵ کێشەو گرفتەکان‌و پەنابردن بۆ دیالۆگو شێوازی مەدەنیانەی چارەسەری کێشەو ئاستەنگەکان، خەریکن دەبن بە ڕوخسارێکی دیاری کۆمەڵگەیەک کە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەناسین. بەڵام ئەم کۆمەڵگەیە، ڕووخسارێکی دیکەشی هەیە**

برینداربوونی ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی لێکەوتۆتەوە. پەنابردن بۆ توندوتیژی و بەرەوڕوو بوونەوەی کێشەو ناکۆکییەکان بە ڕێگای زۆر و کەلکوەرگرتن لە چەکی ساردو گەرم‌و سڵنەکردنەوە لە خوێنڕشتن‌و کوشتن، هێشتا لە زۆر شوێن‌و زۆر هەلومەرج دا، برەوی ماوە! کۆمەڵێک تاوان و کێشەی کۆمەڵایەتیی دیکەش، شانبەشانی بەردەوامیی ئەم توندوتیژیانە، لە کۆمەڵ دا دەبینرێن. لە هەموویان پڕمەترسیتر بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی مادده سڕکەرەکان‌و نقوومبوونی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری لاوانی کورد لە زەڵکاوی مادده سڕەرەکان دایە.

چۆن دەتوانین ئەو ڕوخسارە ئینسانی، ئەمڕۆیی‌و مەدەنیانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرینتر، قووڵترو گشتیتر بکەینەوە؟ چ بکەین بۆ ئەوەی بەم تروسکانەی هیوا، پاشەکشە بە ڕوخسارە تاریک، ناشارستانی‌و توندوتیژخوازەکە بکەین؟ کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان کە خەڵک قسەیان لێ‌دەبیسن، دەتوانن کار لە سەر ئەو ناتەباییە بکەن‌و هەوڵی بە هێزکردنی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی مەدەنیانەو لاواز کردنی لایەنە دزێوەکە بدەن.

# خوێنی لاوانی کورد لە شووشەی زوحاکانی کۆماری ئیسلامیدا

**ڕاپۆرت: جەمال نەجاری**

کۆماری ئیسلامی لەدوای هاتنە سەرکاری لە ئێران گەلێک تاوانی دەرحەق بە گەلانی زوڵم لێکراوی ناوخۆی ئێران کرد کە بەشی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەنگە زیاتر لە هەموویان بێ، وەک دەبینین هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە لە سەرکوتی گەلی کورد و ڕۆژانە شاهیدی لەسێدارەدان و بەندکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کوردین. یەکێک لەو تاوانە گەورانەی کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجامی داوە، ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهابادی لە ساڵی ١٣٦٢ هەتاوی بوو، کە لە پاش کۆمەڵکوژییەکەی قاڕنێ ١٣٥٨ هەتاوی، وەک کۆمەڵکوژییەکی دیکە ناوی دێت و تا ئێستا ئەنجامدەرانی ئەو جینایەتە لە هیچ دادگایەکدا دادگایی نەکراون.

ڕوژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی (دووی ژوئەنی ١٩٨٣ زایینی) ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی ئێران، ٥٩ لاوی کوردی لە شاری مهاباد ئێعدام کرد. ئێعدامکردنی ئەم ٥٩ لاوە کوردەی شاری مەهاباد، بە یەکێک لەو جینایەتە گەورانە لەقەڵەم دەدرێت کە بەرانبەر بە کوردەکان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا (ورمێ) ئەنجامدراوە و ئەوپەڕی توندوتیژی دەسەڵات بەرانبەر بە نەتەوەی کورد نیشان دەدات و ئەو ئێعدامانەش لەدرێژی سەرکوتی نارەزایییەکاندا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام دران.

ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە تەرمی ئەو ٥٩ لاوەی مەهاباد هەرگیز ڕادەستی بنەماڵەکانیان نەکرانەوە، کەس نازانێ لە کوێ ئێعدام کران و لە کوێ بە خاک سپێردران، بەڵام بۆ بنەماڵەکانیان روون و ئاشکرایە کە ئەمانە بوونە بەشێک لە ژینۆسایدی گەلی کورد کە سەرانی کۆماری ئیسلامی لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەیان بردووە.

وەک دەگوترێ مانگ بۆ هەمیشە لە پشت هەور نامێنی، ئەمڕۆ لایەنی شاراوەی جینایەتێکی گەورە ئاشکرا دەکرێ کە پێدەچێ ئەو ٥٩ لاوەی مەهاباد و هەموو ئەوانەی لە نێوان ساڵانی ٦٠ تا ٦٧ فەرمانی ئێعدامیان بۆ دەرچووە و چارەنووسیان بە نادیاری ماوەتەوە بەشێک بووبێتن لەو جینایەتە مەزنە کە لەم بابەتەکەدا باسی لێوە دەکەین.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی ئێران وعێراق، بەو حوکمەی حکوومەتی عێراق پەلاماری ئێرانیدا، حکوومەتی کۆماری ئیسلامی کە لەپاش شۆڕشی گەلانی ئێران خۆی بەسەر ئێراندا سەپاند و شۆڕشی ٥٧ بە ناوی خۆی تەواو کرد، لە لایەک لەگەڵ هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران و لە لایەکی دیکە لەگەڵ نارەزایییە ناوخۆییەکانی ئێران بە تایبەتی لە کوردستان کە پێشمەرگە لە ناوچەکە بوو ڕووبەڕوو ببۆوە و توانای بەرخۆدانی نەمابوو. بڕیاری ئێعدامی بە کۆمەڵ بۆ چالاکانی سیاسی ناوخۆ ڕادەگەیەنێ و دوور لە چاوی دادگاو یاسا ڕۆژانە بە دەیان کەسی ئێعدام دەکرد و تەمەنەکانیان ڕادەستی بنەماڵەکانیان نەدەکرایەوە.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە؛ بۆچی تەرمی ئەو کەسانەی ئێعدام دەکران هەرگیز ڕادەستی کەسوکاریان نەدەکرایەوە، دیوی شاراوەی ئەو جینایەتە چ بوو؟

بە پێی بەڵگەیەک کە لە ئەنتەرنێت بڵاوکراوەتەوە؛ هاتووە کە دادوەریی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە نامەیەکی نهێنیدا لە ڕێککەوتی ١٣٦٠/٧/١٠ هەتاوی داوا لە هەموو دادگاکانی شۆڕش لە پارێزگاکان و شارەکانی ئێران و لەسەر داوای سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لەکاتی شەڕی ناو شارەکان و هەروەها شەری ئێران و عێراق، پاسدارە بریندارەکان پێویستیان بە خوێن هەیە بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێن، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە خوێنی پێویست لەو کاتەدا ڕەنگە دەستەبەر نەبێ، بۆیە فەرمان دەدەین بە شێوەیەکی نهێنی خوێنی ئەو کەسانە کە فەرمانی ئێعدامکردنیان بۆ دەرچووە و دەبێ دەست بەجێ ئێعدام بکرێن، لە لایەن کەسانی جێی متمانە خوێنی ئەو کەسانە بەر لەوەی ئێعدام بکرێن بە درزی بەتاڵ بکرێن و بنێردرێتە نزیکترین بنکەی تەندروستی یان بانکی خوێن و لەوێدا بپارێزرێ تا لە کاتی پێویستدا بۆ ئەو پاسدارانەی بریندار بوون بەکار بهێندرێت.

لە نامەکەدا هاتووە؛ بۆ ئەوەی لایەنی شەرعی ئەو کارەش لەبەر چاو بگرن و نارەزایی لێدروست نەبێ، ڕەزامەندی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی و وەلی فەقیە (خومەینی) وەرگیراوە و لەمبارەوە گوتویەتی: لە ڕووی شەرعییەوە کێشە نییەورێگە پێدراوە.

بەم چەشنە بۆمان دەردەکەوێ


تاریخ ۶۰/۷/۱۰
شماره ۳۲۵۰
دادستانی کل
انقلاب جمهوری اسلامی ایران
از دادستانی کل انقلاب جمهوری اسلامی ایران
به
کلیه دادستانهای انقلاب استان و شهرستانها
[illegible]
دادستانی کل انقلاب جمهوری اسلامی ایران

کلیشهٔ دستور «دادستانی کل انقلاب» به «دادستانهای انقلاب استان و شهرستانها» برای کشیدن خون زندانیان

ئەو ٥٩ لاوەی کە لە ساڵی ١٣٦٢ هەتاوی لە مەهاباد فەرمانی ئێعدامیان بۆ دەرچوو، کەوتنە بەر لافاوی خوێنمژانی کۆماری ئیسلامی و خوێنیان لە شووشە کران و بەر لەوەی ئێعدام بکرێن بە بەتاڵ کردنی خوێن لە دەمارەکانی لەشیان شەهید بوون و چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان.

شاهۆ حوسێنی ڕۆژنامەنووس و هەروەها چاودێریی سیاسی لە لێدوانێکدا ڕاستی و دروستی ئەو بەڵگەیە دەسەلمێنێت و دەڵێت: «ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک پێکهاتەیەکی سیاسی، بەرهەمی گوتارێکی ئایینی ڕادیکاڵە، کە بە هۆی خومەینییەوە پراکتیزە کراوە، ئەم ڕێژیمە جیهان دابەش دەکا بە دوو بەشی حەق و باتڵ و هەر بەم پێیەش مرۆڤەکان دابەش دەکات بە سەر دوو دەستەی لایەنگرانی حەق و لایەنگرانی باتڵ، ئەم ڕێژیمە لەسەر ئەم باوەڕەییە کە ئەوان لایەنی حەقن و لایەنگرانی وان وەک لایەنگرانی حەق دێنە ئەژمار وە، لەبەرامبەریشدا جیهانی بەرانبەری وان وەک جیهانی باتڵ پێناسە دەکرێت و هەر کەسیش لەگەڵ ئەم نیزامە ئایینیە نەبێ ئیتر دەخرێتە پاڵ لایەنگرانی باتڵ، لە ئەندێشە و بووچونی ئەم نیزامەدا جیهان مەکۆی شەڕ و تێکهەڵچونی نێوان حەق و باتڵە کە لە ئاکامدا بەرەی حەق بە سەر باتڵدا سەر دەکەوێ و باتڵ لە ناو دەبات، ئەم پێکهاتەیە بە هۆی ئەوە کە مەشرووعییەتی ئایینی بۆ خۆی بەڕەوا دەزانێ و پێی وایە کە نوێنەری ئیمامی زەمانە کە ئەمیش جێگری پێغەمبەرە و بە گشتی نێردراوی پەروەردگارە، هەر کارێک کە بیکات بۆ لەناو بردنی باتڵ ڕەوایە»

شاهۆ حوسێنی لە درێژەدا دەڵێت: « لەئەندێشەی ئەم ڕژێمەدا هیچ بیرو باوەڕێکی جیاواز بە هۆی ئەوەکە ئەم نیزامە مەشرووعییەتی ئیلاهی هەیە مەودای بوونی نییە، چونکە هەر جۆرە دژایەتێک لەگەڵ ئەم نیزامە دژایەتی لەگەڵ ئەمر و فەرمانی خودایە، هەر بۆیە دژبەران دەبێ بە توندترین شێوە لەناو ببردرێن، لەم ڕژێمەدا ئیمام و ڕێبەری هەر دەورەیەک بە هۆی ئەوەکە جێگرەوەی ئیمامی زەمانە، دەتوانێ بە دەرکردنی فتوا بۆ بەر بەرەکانی لەگەڵ نەیاران و لایەنگرانی بەرەی کوفر هەموو جۆرە کردەوەیەک بەکار بێنن، بۆیە وەک یەکەم دەلیل من پێموایە ئەم نامەیە دەتوانێ ڕاست بێ، دەلیلی دووهەم ئەوەیە کە بە چاو خشاندنێک بە ئەدەبییاتی نامەکە دەردەکەوێ کە ئەم ئەدەبییاتە، ئەدەبییاتی باوی سەردەمی ساڵەکانی سەرەتایی سەرکەوتنی شۆڕش و دەرکردنی ئەم نامیلکەیەیە، هەروەها لە کاتی خوێندنەوەی نامیلکەکە، خوێنەر لەگەڵ نووسراوەیەکی یەک دەست ڕووبەڕوو دەبێتەوە، لەهەمان کاتیشدا وەرگرتنی فتوا لە خومەینی وەک ڕێبەری شۆڕش و جێگری ئیمامی زەمان بۆ زۆر جینایەتی تری وەک کوشتنە بەکۆمەڵەکانی ساڵەکانی ٦٠ هەتا ٦٧ ڕەوتێکی ئاسایی و بەردەوام بوە، بۆیە بەباوەڕی من ئەم نامیلکەیە دەتوانێ ڕاست بێت و سەنەدێکی باوەر پێکراو بێ، بۆ نیشاندانی ڕاددەی درندەیی و جینایەتکار بوونی ئەم ڕێژیمە.»

پێویستە حیزب و لایەنە سیاسییەکان و کوڕ و کۆمەڵەکانی بەرگریکار لە مافەکانی مرۆڤ کار لەسەر ئەو بەڵگەیە بکەن و دیوە شاراوەکانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکەن.

ئەگەر چی بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەیە زامی سارێژ نەکراوی کەسوکاری قوربانیان دەکولێنێتەوە، بەڵام دەبێ کۆتایی بەو بێدەنگییە بێنن و هەوڵ بدەن بەشوێن ڕاستییەکاندا بچن و بزانن چارەنووسی ئەوانەی ئێعدام کران بەر لە ئێعدامکردن و پاش لە ئێعدامکردن چیان بەسەر هاتووە.

بە دۆزینەوەی گۆڕەکانیان و دیتنەوەی تەرمەکان بە لێکۆلینەوە و تاقیکردنەوەی پزیشکی دەرکەوێ کە ئێعدامکراوانی ساڵانی ٦٢ تا ٦٧ کەوتوونەتە بەر لافاوی خوێنمژانی کۆماری ئیسلامی .

لە کۆتاییدا بۆ یادکردنەوەی شەهیدانی جۆزەردانی ٦٢ی مەهاباد ناویان دەنووسینەوە و دروود دەنێرین بۆ ڕوحی پاکیان کە لە پێناو کورد و کوردستاندا گیانی خۆیان بەخشیوە.

**ناوی ئەو ٥٩ کەسەی کە لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ هەتاوی (دووی ژوئەنی ١٩٨٣ زایینی) ئێعدام کران؛**

**غولامرەزا بارزی- حەسەن جیهانیان- عەلی بانەیان- محەمەد عەلیالی- محەمەد ئەمین سەفا- همایون نیلوفەری- مەحموود ریزیی- محەمەد حوسێنی- عەباس حوسین پور- کازم خاتوونی- عەلی مەزنە- عەبدوڵڵا تەحریان- ڕەحمان ڕەحیمی- عەلی گوڵپەرەست- مستەفا عیسمەتی- خالق بارزانی- یۆسف ئەیازی- کەمال چاوشینی- حەسەن ڕەحمانیان- خالید ڕەحیم ئازەر- خالید سەفایی-سەید ئیبراهیم ئەحمەدی- محەمەد مەسعودی- محەمەد ئەبوبەکری- وەفا ئەلیاسی- مەنسوور جناح- محەمەد ئەمین ئەحمەدی-محەمەد سەلیمی- فەرەیدون شەنگە- عەلی بازیان- خزر ڕەنگین- ئەبوبەکر شوکری- ئینشاڵڵا نادری- هەژار کەریمی- کەمال کەریمی- کەریم ڕەحیمیان- یۆسف حەبیب پەناە- محەمەد فارق بازیار-ئیبراهیم ئەمینی-ساڵح مام ئیبراهیمی- شوکری نادری- مستەفا فەقری- عەلی غەوارە- عەلی سەلاحی- مەلا حەسەن لاجوەردی- سولەیمان حەسەن زادە- یۆسف حەسەن زادە- کەریم کاوە- سەید مەحموود سەید مەحموودی-حامید مەحموود کەندو- حوسێن کەلهوری- عەباس یۆسفی- سیامەک سەقزی- عەلی ئابادە-کامران زاهیر حەجازی- ساڵح فەرهوودی- مەقسوود مەحموودی- ئەحمەد کەهروبی- ڕەحمان خزرپور**

# سەردەشتو بۆمب بارانێکی تر بە مەوادی کیمیایی



**مەنووچێهر پوردل**

یەکێک لە شارەکانی سەرسنوور کە دانیشتووانی کوردن‌و سەربە پارێزگای ورمێیەو لە لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق دراوسێیە، شاری سەردەشتە. خەڵکی ئەوشارە کورد زمانن‌و بەزاراوەی سۆرانی (بن زاراوەی موکریانی) قسەدەکەن. هەروەها لە بەرزایی **١٥٠٠** میتری لەسەرەووی دەریا هەڵکەوتوە. شاری سەردەشت لەباشوورەوە **٩٠** کیلۆمیتر مەودای لە گەڵ پیرانشارو لە باکوورەوە ٦٠کیلومیتر مەودای لە گەڵ بانەو لە باکووری ڕۆژئاواوە **١٢٠** کیلومیتر مەودای لە گەڵ مەهاباد هەیە. شاری سەردەشت لە لای ڕۆژئاوا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دراوسێیە، ٣٠ کیلۆمیترلە سنووری خاکی هەرێم دوورەو **٩٦** کیلۆمیترسنووری هاوبەشی لە گەڵ هەرێمی کوردستان هەیە. سەردەشت یەکێک لەو شارانە بوو کە بەداخەوە لەشەڕی عێراق‌و ئێراندا بوو بە قووربانیی شەر و ژینۆسایدێکی گەورەی وەک کیمیاییباران بە هۆی ڕێژیمی سەدام حوسێنەوەی تێدا ڕووی دا. فرۆکە شەڕکەرەکانی عێراق لە **٧ی** پووشپەڕی **١٣٦٦** بە کەڵکوەرگرتن لە بۆمبی کیمیایی لە چوار شوێنی قەرەباڵغی ئەوشارە جینایەتیان خولقاند کە بەپێی بڵاوکراوەکانی ئەو کاتە **١١٠** کەس بوونە قوربانی و **٨٠٠٠** کەسیش تووشی ئازارەکانی ئەو مادەیە بوون و ئێستاش ٢٧ساڵ زۆرێک لە خەڵکی ئەو شارە بە دەست ئازارو ئاسەوارەکانی ئەو بۆمبارانەوە دەناڵێنن.

هەروەک ئاماژەم پێکرد بۆمبارانی سەردەشت یەکێک لە گەورەترین کۆمەڵکوژی بە هۆی گازی کیمیاییەوە بوو کە ئێستاش ئاسەوارەکە ی هەرماوە، سەرەرای ئەوەی جمهووریی ئیسلامیی ئێران ئەو هێرشەی شەرمەزار کردو وەک جینایەتی دژە مرۆڤ ناوی بردو شاری سەردەشتی وەک یەکەم شاری قوربانیی چەکی کۆمەڵکوژی کیمیایی لە جیهان دوای هیرۆشیما ناو برد، کۆمەڵگەی جیهانی بە هۆی پشتگیری کردن لە سەدام حوسێن هیچ هەڵوێستێکی ئەوتۆیان لەخۆیان نیشان نەدا. بەڵام پێشتر لە خاکەلێوەی ١٣٦٥ (**١٩٨٦**) ئەندامانی شووڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەڵوێستێکدا دژ بە جینایەتی ڕوونی سەدام حوسێن بڕیارنامەیەکیان لەپەیوەندی لەگەڵ کەڵکوەرگرتن لە چەکی کیمیایی تاوتوێ کرد کە لە کۆتاییدا لە گەڵ بەرەنگاربوونەوەی ئامریکا ڕووبەڕوو بۆوە. ئێستاو پاش نزیکەی دوو دەیەونیو، سەردەشت جارێکی دیکە بەرەوڕووی بۆمبارانێکی کیمیایی دیکە بۆتەوە کە لە درێژەی ئەم وتارە دا، باسی دەکەین.

**

گرفتێکی گەورە کە ئێستا بەداخەوە زۆربەی وڵاتانی جیهان‌و بەتایبەت وڵاتی خۆمان بەرەورووی بۆتەوە، کێشەی تووشبوون بە مادده سڕکەرەکان‌و قاچاغی ئەومادده مایرانکەرەیە. لە ڕاستیدا دوای توجارەتی نەوت‌و چەکوتەقەمەنی، قاچاغی ماددەسڕکەرەکان ئەمڕۆکە پر دەسکەوتترین توجارەت لە جیهان بە ئەژمار دێت.

ڕەنگە باوەر کردنی دژواربێ بەڵام لە ڕۆژی جیهانیی مادده سڕکەرەکاندا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رای گەیاند کە بازرگانیی ئەو مەوادە لە وڵاتێکی وەک ئەفغانستان تەنیا لە ماوەی چوار ساڵ دا لە ٤میلیارد دۆلار گەیشتووەتە ٦١ میلیارد دۆلار لە ساڵدا کە بەداخەوە هەر ڕوو لە زیادبوونە. جێی سرنجە کە تا ماوەیەک لەمەوبەر ئەفغانستان تەنیا ڕولی بەرهەمهێنەری ئەو مەوادەی هەبوو بەڵام ئەمڕۆکە زیاتر لە یەک میلۆن کەسی موعتاد تێدایە کە بەداخەوە ئەو ڕێژەیە ڕۆژ لە ڕۆژ بەرەو زیادبوونە.

ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت سەردەشت، بەداخەوە پشکێکی تایبەتی لەو بەڵا ماڵوێرانکەرە پێبڕاوە. با بزانین قاچاغ‌و تووشبوون‌و هۆگری بە مادەسڕکەرەکان لە شاری سەردەشت چۆنە؟سەردەشت خۆی خاوەنی سروشتێکی جوان‌و ڕازاوەیە و لە هەمان کاتدا تا چە ند ساڵێک لە مەوبەرهەر بە قەرا قامکەکانی دەست موعتادی هەبوو کە بۆ خەڵکی شار ناسراو بوون، هەربۆیە یان ئەو شارەیان جێدەهێشت یان ئەو کەسانەی لەدەوروبەریان بوون ئەوە قۆڵیان لە چارەسەریان هەڵ دەماڵی‌و تا بۆیان گونجابا لەگەڵ پەرەگرتنی، بەربەرەکانیان دەکرد.

بەڵام لەو دوو سێ ساڵەی ڕابردوودا هاوکات لەگەڵ دروستبوونی دەرمان‌و کەلوپەلی پێویست بۆ درووستکردنی مادە سڕکەرەکان بەتایبەتی شیشە هەمووشتێک گۆڕای بەسەرداهاتوە. بەدوای زیاد بوونی ئەو مادەیە داخوازیشی زیاد بووە. ئاماری موعتاد لەو شارە بەڕادەیەکی سرنجڕاکێش چووەتە سەرێ. خانووەباغەکانی دەورووبەری سەردەشت بوونەتە بنکەی دروستکردنی ماددەسڕکەرەکان بەتایبەتی شیشەو هەروەها پێگەی قاچاخچییەکان. نرخی زەوی‌و باغ‌و خانوو بەڕادەیەکی سەرسوڕهێنەر گران بووەو دروستکردن‌و قاچاغی مادده سڕکەرەکان بووە بە هۆی ماڵوێرانکردنی بنەماڵەکان‌و هەتیو خستنی مندالانی خەڵک. تووشبوون بەوماددەیە ژیانی زۆر کەسی بەرەو تارمایی‌و لەنێوچوون بردوە. ئەگەر جاران قاچاغی مەشرووباتی ئەلکۆڵی جەماعەتیکی زۆری بە خۆیەوە خەریک کردبوو ئەمڕۆکە بازرگانیی ماددەی شیشە هاتۆتە جێی کە بەپێی ئاماری پۆلیسی دژەمادەسڕکەرەکانی پارێزگای ورمێ، تەنیا لە **٢٧ی** ڕەشەممەی١٣٩٢تا **١٦ی** خاکەلیوەی١٣٩٣، **٢١١** کیلۆگەرەم لە مادده سڕکەره کان لە نەورۆزدا لەلایان پۆلیسەوە دەستی بەسەرداگیراوە کە لەچاو ساڵی ڕابردوو لە وەهاکاتێک دا **٣٩٢** لەسەد زیادی کردوە. هەرلەم پەیوەندییە دا **٢٨**کەس لە قاچاغچییەکان، **٢١٨** کەس لەوانەی بڵاوکەرەوەی ئەم ماددەیە بوون و**٢٥** کەسیش لەوانەی هەڵگری بوون‌و لەسەریەک **٢٧١**

ل ٨

# شەرم لە خوێنی ڕژاوتان دەکەین!



کوێستان فتووحی

کوردستان ژینگەیەکی پاک و دڵنشین نیە بۆ ژیان، کوردستان بۆ ئەمنییەت‌و ئارامی سەرنجڕاکێش نیە، مادام «من» ی «ژن»ی تێدا ئازار بدرێم‌و خەڵتانی خوێن بکرێم....

رۆژی هەینی ٩ی جۆزەردانی ٩٣، ژنێکی تەمەن ٢٢ ساڵ بە ناوی هەڵاڵە محەمەدی لە سەردەشت خوی هەڵواسی‌و گیانی لە خۆی سەند. هەر لەو حەوتوویەدا ئەوە دووهەم رووداوی خۆکوژی بوو لە شاری سەردەشت. روویان دا. حەوتووی پێش ئەوەش لە شاری کەنگاوەری سەربە شاری کرماشان کچێکی ١٨ ساڵەی خوێندکار لە لایەن باوکییەوە دەدرێتەبەر چەقۆو گیانی لێدەسەندرێ، هەر هەمان حەوتوو لە حەسەن ئاوای سنە کچێکی دیکە بە دەستی باوکی دەکوژرێ .... هەر لەو حەوتوویەدا لە کەلەکچی باشووری کوردستان کچۆڵەیەکی تەمەن ١٥ ساڵە بە دەستی «هاوسەر!»ەکەی وەبەر دەسرێژی گوڵلە دەدرێ و جەستە شلکو ناسکەکەی هەلاهەلا دەکرێ. ئەمانە هەواڵی بەردەوامی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان‌و ماڵپەرو ڕاگەیەنەکانی کوردستانن.

بڵێی ئەم دڕندەییە لە کۆمەڵدا تەعبیر لە چی بکا؟ جگە لە دەسرێژی گوللەو خنکاندن‌و وەبەرچەقۆدان، رۆژانە زۆر رووداوی تاڵ‌و دڵتەزێنی دیکە لەنێو ماڵەکان، قوتابخانەکان، شەقام‌و کۆڵانەکان، لەم وڵاتەی ئێمە، روودەدن. هەر ژنە چیرۆکی تاڵی ژیان لەنێو ئەم وڵاتە بەهەشتەدا! لە نێو سنگی‌دا هەڵگرتوە. قسەپێ‌گوتن، لێدان‌و ئازاردان، تانەوتوانج، بە هێندنەگرتن، لە شتە ئاساییەکانی رۆژانەی ژیانی ژنانن و رەنگە ئەم رەفتارانە کەمیش بن لەچاو کوژران‌و فرێدانی جەستە لەتوپەتکراوەکان لە چۆڵەوانییەکان.

ئایا ئەمە کەلتووری چ جەنگەڵستانێکە کوردی «بەناموس» ئاوا بەدڵ‌ئاواڵایی وەری‌گرتوە؟! یان رەنگە هەر هی خۆشمان بێ!!

ئەم هەموو کوشتارەی ژنان دەمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی ئێستاش لە کوردستان لەم سەدەی ئازادیی نەتەوەکان‌و دیموکراسییەدا، کە جارنامە جیهانییەکانی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان گوێی هەموو تاکێکی ئەم جیهانە پان‌و بەرینەی پڕ کردوە، کۆیلەیی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ هەر بەردەوامە. ئەمە نە گەورەکردنەوەیە، نە قسەیەکی بێ‌بنەمایە. ئەم هەموو کوشتن‌و خۆکوژییەی ژنان لە کوردستان، بەسن بۆ راستیی ئەم ئیدیعایە. رۆژ نیە هەواڵی کوژران‌و خۆکوژی ژنێک دامانەچڵەکێنێ، هەڵبەت ئەگەر دامانچڵەکێنێ! بەداخەوە ئەو رووداوانە (کوژران، خۆسووتاندن‌و سووتاندن!)، ئەوندە دووبارە بوونەتەوە کە تەنانەت بۆ ئەوانەی کە ئینسانییەت لەسەرەوەی هەموو پیرۆزییەکانە، خەریکە ئاسایی دەبێ.

ئێمەش وەک بینەرێکی باش، بێدەنگ تەنیا چاولێکەری شانۆکانین. بێگومان بێدەنگ بوونیش لەئاست چیرۆکی شانۆنامەکە، بۆخۆی رەنگە جۆرێک بێ لە بەشداری کردن!

## هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان نرخی خۆیان لەدەست داوە

### کوشتن لەسەر «بێڕەوشتی»

ئایا ئەو ژنان و کچانەی لە لایەن کەسوکاریانەوە بە ناوی «ناموس‌پارێزی» دەکوژرێن، هەموویان «بەدرەوشتن»؟ ئایا چ کردارێک دەچێتە خانەی بەدڕەوشتییەوەو، پێناسەی بەدڕەوشتی چیە؟ ئایا قانوون لە وڵاتی ئێمەدا لە پێوەندی لەگەڵ ئەخلاق‌و ڕەوشتی تاکەکان لەکۆمەڵگەدا چ رۆڵێکی هەیە؟ کێ بەرپرسی رەوشتی تاکو کۆمەڵگەیە؟ لە هەمووی گرنگتر کێ بەرپرسی ئەم هەموو کوشتارەیە لە کوردستان؟

ئایا فریشتە، شەیدا، دڵبەر، شنۆ. دۆعا، بەناز، هێشوو، هەڵالەکان، فاتیمە، دنیا، عاتیفە، شەوبۆ و س. م، ش. ن، و....و... هەموویان بێڕەوشت بوون وا لە لایەن پیاوانی «بەغیرەتی!» کوردەوە گیانیان لێسەندرا؟ هەموو ئەم‌پرسیارانەو دەیان پرسیاری دیکەی لەم بابەتە وڵامی جیدی‌و شەفافیان دەوێ کە بۆ پسپۆران‌و شارەزایانی ماف‌و کۆمەڵناسی‌و قانوون‌و بەجێ دێڵم! بەڵام هەمووکەسیش ئەو مافەی هەیە روانگەی خۆی لەمبارەیەوە بڵێ.

دابونەریت‌و ئایینەکان بوونەتە چەکێک بەدەست پیاوانی کۆمەڵگەوە. «ناموس» بۆتە بەشێک لە جەستەی ژن‌و ئەویان لە بەشێکی زۆر ئازادییەکانی ژیان بێبەش کردوەو ئەویان لە ئینسان بوونی خۆی خاڵی کردۆتەوە. هەر ئەوەشە وای کردوە، هەررۆژە لە لایەن پیاوانێکەوە جینایەتێک بەناوی «سڕینەوەی پەڵەی شەرم لە داوێنی بنەماڵە» لەم وڵاتـەدا روودەداو کەسیش ناوێرێ دەنگ هەڵنەبرێ‌و بڵێ ژن مرۆڤە نەک «ناموسی پیاو»! لەم وڵاتەدا کە پڕە لە یاساناس، دادوەر، رۆژنامەنووس، چالاکی مافی مرۆڤ‌و ئەم هەموو رێکخراوانە کە ناویان لێنراوە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و ئەم هەموو چالاکە کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی‌و... بەناو تێکۆشانیان هەیە بۆ وڵاتەکەیان، قسە لەوە ناکەن کە ئەم بونیادی پیاوسالارییەی لەکۆمەڵگەدا ریشەی داکوتاوە، ریفۆرمی ریشەیی دەوێ. ریفۆرم شتێک نیە تەنیا دەوڵەت بتوانێ بیکات، هەموو چین‌و توێژێک بەتایبەتی چالاکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چالاکانی فەرهەنگی، سیاسی‌و.... دەبێ رۆڵی کارای تێدا بگێڕن.

### تێڕوانینە هەڵەکان بەرگی پیرۆزیان لەبەر کراوە

پێناسەی شەرەف لە جەستەی ژن‌دا یەکێکە لەو تێڕوانیە هەڵانەی کە مێژوویەکی دوورو درێژی لە کۆمەڵگەدا هەیە، تەنانەت وا تێکەڵاوی ناخی ئینسانەکان بووە، زەحمەتە خۆرزگار کردن لەو پێناسە داسەپاوەدا، بەڵام مەحاڵ نیە.

بۆ کۆتایی‌هێنان بە جینایەتی «ناموسپارێزی» پێویستمان بە تێڕوانینی نوێ هەیە. دیارە قسە کردن ئاسانە، بەڵام زەحمەت ئەوەیە چۆن ئەو بیرکردنەوەیە لە بیروزەینی مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە دامالدرێ. بێگومان کار کردن لە پێناوی سڕینەوەی پیاوسالاری‌و دیاردە دزێوەکانی دژی ژنان، لەنێو کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی – نەریتی‌دا، پرۆسەیەکی ئاڵۆزو دژوارە، بەتایبەتی کە دەسەڵاتی وڵاتەکە خۆی تاسەر ئیسقان پیاوسالار بێ‌و بەناوی سەروەری‌و پیرۆزییەکان، زۆر لە کێشەکان پشت گوێ بکا. هەروەک کێشەی بەناو «ناموسپارێزی»، ساڵانێکە گیانی ئینسانەکان دەستێنێ.

### بەژەوەندییە حیزبی‌و تاکەکەسییەکان

گەمەی نیشتمان‌و نەتەوەپەرستی‌و پیرۆزییەکان، هەلومەرجی ژنانی لەکۆمەڵگەی کوردستان‌دا هێندەی دیکە ئاڵۆز کردوە. ئەنجومەن‌و ئین جی ئۆکانی مافی مرۆڤ، تەنانەت رێکخراوەکانی ژنانیش، کەوتوونەتە نێو ململانێی «پیرۆزییەکان»ی خێڵ‌و عەشیرەو بە ناوی بەرژەوەندیی نیشتمان‌و نەتەوە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆیان لەبیر کردوە کەبە ناو خەبات دەکەن بۆ ریفۆرمی کۆمەڵایەتی‌و ... .

حیزبە نەتەوەییەکانی کوردستانیش هەمیشە لە کێشەیەکی وەک کێشەی کوشتنی ژنان لە سەر مەسەلەی «ناموس» بە رووکەش لێ روانیوە. کاتێک ژنێک دەکوژرێ، هەربەم تێڕوانیەنە هەڵەوە دەگوترێ «کێشەی ناموسی» بووە! واتە قەبێحی مەسەلەکە نیشان نادەن، وەک ئەوەی بەرژەوەندییان لەوەدا بێ قسەی لێ‌نەکەن.

لە کوردستان بێ‌نرخ کردنی ژن گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی، بەڵام کە قسە لە چارەسەر دێ، تەنیا روو لە ژنان دەکرێ کە دەبێ بۆخۆیان چارەسەر بۆ کێشەکانیان ببیننەوە. ئەمە جگە لە خۆدەربازکردن‌و خۆدزینەوە لە ئەرکێکی گرنگ، یاری بەرژەوەندی‌و، خۆڵ کردنە چاوی خەڵکیشە. تا ئێستا هیچ حیزبێکی کوردستانی بە ڕاشکاوی رای‌نەگەیاندوە ژن نابێ «ناموس» بێ، چونکە ئینسانە. روانینی «ناموس» بەم پێناسەیەی ئێستا باوە، بێ‌نرخکردنی ئینسانە.

حیزبە نەتەوەییەکان لە پێوەندی لەگەڵ «کێشەی ژنان» ئەرکو بەرپرسیارەتیی کۆمەڵگەیان دابەش کردوە بە سەر «ژنانە»و «پیاوانە»دا. هەر ئەوەشە وای کردوە، کار لە پێناوی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی‌دا بەرەوپێشچوونێک بەخۆیەوە نەبینێ. دیارە کارکردن لەسەر پرۆسەی ریفۆرمی یاسایی‌و کەلتووری سەرەتا ئەرکی دەسەڵاتە، بەڵام ئەگەر دەسەڵات خۆی دژی ریفۆرم بوو، **(وەک کۆماری ئیسلامی) دەبێ چ بکرێ؟**

**کەس ناتوانێ پرسی نەتەوەو غەمی نیشتمان بە خەڵکانێک بفرۆشێتەوە کە ئەمڕۆ دەیانەوێ جەستەی نیشتمان هەڵکۆڵن و لە دەردو ئازارەکانی بگەڕین. پاساوهێنانەوە بۆ ژن کوشتن هیچی لە خیانەت بە نیشتمان‌و بە نەتەوە کەمتر نیە. چونکە ژن کوشتن بەداخەوە خەریکە دەبێتە پێناسەی کورد. بە دڵنیایەوە مێژوو ئەم رووداوانە لە سەر کورد تۆمار دەکاو کەسیش ناتوانێ مێژوو بسڕێتەوە**

کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی پاراستنی ناموس، تاوانێکی دژی مرۆڤانییەو نابێ هەروا بە ئاسانی چاوپۆشیی لێ‌بکرێ. هەموو لایەک دەزانن توندوتیژی لەسەر ژنان چ کاریگەرییەکی نێگەتیڤی لەسەر هەموو کۆمەڵگە بەگشتی هەیە. کۆمەڵگەیەکی پڕ لە تاوان‌و توندوتیژی بەرهەم دێتەوە. بۆیە ناکرێ تەنیا ژنان بەبەرپرسی چارەسەری ئەم پرسانە بزانن. حیزب‌و رێکخراوەسیاسییەکان، ئەنجومەن‌و ئین جی ئۆکانی مافی مرۆڤ، ژنان، لاوان، کەسایەتییە کاریگەرەکانی نێو کۆمەڵگەو هتد، دەتوانن لە ئاست پرسی توندوتیژیی دژی ژنان، هەماهەنگ لەگەڵ یەکترو ببنە فشار بۆسەر دەسەڵات. کارکردن لە پێناو ریفورمی کەلتووری، ئایینی‌و یاسایی بە هەمووڵایەک دەکرێ. هەر لایەنێک کە لە غەمی نیشتمان‌دایە دەبێ بەو هەست بەبەرپرسیاریەتیەوە کار بۆ سڕینەوەی ئازارەکانی نیشتمانیش بکا. کوژران‌و کوشتنی ژنان یەکێکە لەو ئازارانەی نیشتمان کە هەرگیز وڵات رووی ئەمنییەت‌و ئارامی بەخۆیەوە نابینێ مادام ژنان ئەوە چارەنووسیان بێ . ئەگەر پرسی نەتەوەیی مینبەرێکە لە مینبەرەکانی کورد تا داواو مافەکانی بەرجەستە بکاتەوە، دەکرێ لەو مینبەرەوە زۆر بە روونی رێنوێنی‌و رێکاری ئینسانییش بخرێتە پێش خەڵکی وڵاتەکە، نەک خۆ گێل کردن لەئاستی‌داو سپاردنی بە بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵ، کە ئەمە دەبێتە هۆی هێشتنەوەو رەوایی‌دان بە توندوتیژی‌و بەناوی کەلتووری «کوردی».

ئەوەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان‌و کوردستان بەگشتی، بە نیسبەت ژنەوە روودەداو دواتر شاردنەوەو پاساوهێنانەوە بۆ کردوە دژی ئینسانییەکانی کە لە دژی ژنان روودەدەن، بە دڵنیاییەوە بە زیانی هەموو کورد دەشکێتەوە.

کەس ناتوانێ پرسی نەتەوەو غەمی نیشتمان بە خەڵکانێک بفرۆشێتەوە کە ئەمڕۆ دەیانەوێ جەستەی نیشتمان هەڵکۆڵن و لە دەردو ئازارەکانی بگەڕین. پاساوهێنانەوە بۆ ژن کوشتن هیچی لە خیانەت بە نیشتمان‌و بە نەتەوە کەمتر نیە. چونکە ژن کوشتن بەداخەوە خەریکە دەبێتە پێناسەی کورد. بە دڵنیایەوە مێژوو ئەم رووداوانە لە سەر کورد تۆمار دەکاو کەسیش ناتوانێ مێژوو بسڕێتەوە.













**دابونەریت‌و ئایینەکان بوونەتە چەکێک بەدەست پیاوانی کۆمەڵگەوە. «ناموس» بۆتە بەشێک لە جەستەی ژن‌و ئەویان لە بەشێکی زۆر ئازادییەکانی ژیان بێبەش کردوەو ئەویان لە ئینسان بوونی خۆی خاڵی کردۆتەوە. هەر ئەوەشە وای کردوە، هەررۆژە لە لایەن پیاوانێکەوە جینایەتێک بەناوی «سڕینەوەی پەڵەی شەرم لە داوێنی بنەماڵە» لەم وڵاتەدا روودەدا**

# قۆناغەکانی بەرەنگار بوونەوەی مادە سڕکەرەکان



فەردین کەریمی

جۆرج بێرنارد شاو شانۆنامەنووسی بە ناوبانگی ئینگلیسی دەڵێ: «جگەرە تەرک کردن زۆر ئاسانە، من هەزاران جار تەرکم کردوە».

ئەم رستە بە ناوبانگەی «شاو» هەڵگری ئەو راستییەیە کە تەرک کردنی جگەرە کە سەرەتاییترین جۆری تووش بوونە، کارێکی زەحمەتە تا ئەوی دەست لە مادە سڕکەرەکانی دیکە وەک هیرۆئین و هتد هەڵبگیردرێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری مادەسڕکەرەکان لە سەر ڕەوانو مێشکی مرۆڤ بە گشتی. لەشی مرۆڤ دەتوانێ یەک حەوتوودا لە بوونی جگەرە خاوێن بێتەوە، بەڵام ئەوەی کە دەبێ زیاتر هەوڵی بۆ بدرێ لایەنی دەروونیو رەوانی ئەو مادەیە کە زەحمەتێکی زۆرتری دەوێ. ئەمە لە خۆیدا هەڵگری ئەو پەیامەیە کە خووگرتن بە مادەسڕکەرەکان بە گشتی پڕۆسەیەکی ئاڵۆزو دژوارە کە تایبەتمەندی خۆی هەیەو دەبێ بە وردی بیناسینو لێکی بدەینەوە. ئەگەرچی بە چەند جۆر پێناس کراوە، بەڵام لە مانایەکی گشتیدا خووگرتن: (اعتیاد، ,(Addictionنیگەرانیەکی دەروونیە کە دەبێتە هۆی بیرکردنەوەی بەدەر لە کۆنترۆڵی تاکەکەس.

بۆ چوونە ناو ئەم بابەتە دەبێ ئەوە لە بەر چاوبگرین کە پڕۆسەی کڕینو فرۆشی مادەسڕکەرەکان بە گشتیو کەڵک وەرگرتن لەوان، لەم چەند سەدەی دواییدا هۆکارێکی سیاسی لە پشتەوەیەو زۆر جار وەک فشارێ بۆ سەر دەوڵەتانیتر بە کار دەبرێت. نموونەیەکی گرینگی کاریگەری سیاسەتمەداران و چالاکییە سیاسیەکانو گەمەی مادەسڕکەرەکان، لە یەکەمین تێرۆرە سیاسییەکانی ئێران لە سەردەمی حەسەن سەباح (٤٦٥– ٥١٨ قمریٔ)، کە لە دەرورانی سەلجووقییەکان لە ئێراندا شۆڕشی کرد، وەدەر دەکەوێ. لایەنگرانی حەسەن سەباح بۆ ئەوەی بتوانن باشتر ئەرکی تێرورەکانی خۆیان بەجێ بگەیەنن لە مادەی حەشیش (بەنگ) کەڵکیان وەردەگرت. بەم شێوە بە باشی ئەرکی سپێردراویان بە ئەنجام دەگەیاند. ئاشکرایە کە خووگرتن جۆرێ نەخۆشینی کۆمەڵایەتی، مولتی فاکتەرە کە لە چەند رەهەندەوە جێگای لێکدانەوەیە. مادام کە وا بیر کەینەوە بۆ بەرەنگار بوونەوە لەم ئازارە کۆمەڵایەتییە دەبێ ئەم خاڵانە بە باشی لە بەر چاو بگرین:

١ – لە پڕۆسەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتیو دەروونی بە بنەمایەکی زانستیو بە یارمەتی پسپۆرانی کۆمەڵناس، دروونناسو پزیشکی پسپۆرو هتد لە کاتێکی درێژخایەندا، هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا لە منداڵانی تەمەن ژێر ٥ ساڵان تا دەگاتە هەموو تاکەکەسی نێو کۆمەڵگا بە شێوازە نوێیەکانی بەرنگاریو پێشگرتن لە تووش بوونو بەکارهێنان، دەرمانو ئەنجامی کەڵک لە مادەسڕکەرەکان فێر بکرێنو ئەو باسو بابەتانەی کە پێویستە فێریان بکرێت، وەک بەرنامەکانی ئاشناکردنی خەڵک بە جۆرەکانی مادەسڕکەرەکانو فێرکردنی کارامەییەکانی ژیان و هتد، بە شێوازی پراکتیکی ببرێتە خانەی جێبەجێ کردنەوە.

٢ – هەروا کە مافیای مادەسڕکەرەکان هەر ڕۆژ خۆی لە جلوبەرگو نموونەیەکی نوێدا بە بازارە جیهانییەکان دەناسێنێو خۆبەڕۆژ دەکاتەوەو بە پشتیوانی دەوڵەتانو مافیاکانی جیهانی بە شێوازگەلێکی جۆراوجۆر پشتگیریو پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێو هەر رۆژ لە تێکەڵی چەن مادە، مادە سڕکەرە نوێیەکان دێتە بازار. دەبێ ئەو کەسانەش کە لە خەمی کۆمەڵگادانو بۆ بەرنگاری لە گەڵ ئەم نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە قۆڵیان لێهەڵماڵیوە، بە خوێندنەوەیەکی قووڵ لە سەر مادەسڕکەرەکان و ئاگاداری لە چۆنیەتیو هۆکارەکانی بەکارهێنانو هەروەها ئاشنا بوون بەو چالاکیو مێتودانەی کە لە دونیادا بۆ بەرنگار بوونەوەی مادەسڕکەرەکان چ لە رەهەندی تاکەکەس و چ لە رەهەندی کۆمەڵایەتیو سیاسیەوە تا ئێستا ئەنجام دراوە، بەر بە دووپات کردنەوەی چالاکییەکان بگرێت.

**مافیای مادەسڕکەرەکان هەر رۆژ خۆی لە جلوبەرگو نموونەیەکی نوێدا بە بازارە جیهانییەکان دەناسێنێو خۆبەڕۆژ دەکاتەوەو بە پشتیوانی دەوڵەتانو مافیاکانی جیهانی بە شێوازگەلێکی جۆراوجۆر پشتگیریو پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێو هەر رۆژ لە تێکەڵی چەن مادە، مادە سڕکەرە نوێیەکان دێتە بازار**

٣ – بەربەرەکانی لە گەڵ مادەسڕکەرەکان دەبێ سەردەمیانە، زانستیو هەوڵی بەربڵاو و بەردەوام بێ.

٤ – کۆمەڵگای کوردی ئێران بە گشتی بە هۆی دەستەویەخەبوونی چەند ساڵە لە گەڵ ئەم نەخۆشییە سەپێندراوەدا، تا رادەیەکی زۆر ئاگاداری ماڵوێرانیو مردنی رۆڵەکانی خۆیانو وڵاتەکەیانن. کەوابوو پێویستە بە تێبینیو حەساسیەتێکی زۆرەوە و بە شێوازگەلێک نوێ لە هەوڵی ئەوەدا بین خەڵک بە خۆمانەوە ماندووتر نەکەینو لانی کەم شێوازیکی نوێ بۆ ئەم مەبەستە بدۆزینەوە.

٥ – یەکێ لە گرینگترین بابەتەکان ئەوەیە کە دەبێ بە بێ شەرمو راشکاوانە و بە پشت بەستن بە بنەما زانستیو دەروونییەکان باسی هۆکارەکانی تووش بوونو تووش کردن (بۆ نموونە پیاوانی تووش بوو کە ژنانی خۆیان تووش دەکەن)، کڕینو فرۆشوهەنووکەش درووست کردنی مادەسڕکەرەکان بە تایبەت جۆرەکانی هەژێنەر (محرک) لە کوردستان بە وردی بکرێ. بۆ نموونە لە ئەدەبیاتی زۆر کەسدا کە لە سەر مادەسڕکەرەکان دەنووسنو یان لە راگەیاندنەکاندا لەم پێوەندەدا باس دەکەن، بە هۆی فەرهەنگی تێکەڵ بە شەرمو حەیا، لە سەر بابەتی سێکس کە یەکێ لە بنەماییترین هۆکارە لە مادەسڕکەرەکاندا، یان هیچ ناڵێنو یان لە نێو باسەکاندا ئاماژەیەکی کورتی لە چوارچێوەی خیزانیدا پێدەکەن. ئەمە لە حاڵێک دایە کە پێوەندی جنسیی نێوان ژنو مێرد وەک خیزانو لە نیوان کەسانێکدا کە جیا لە چوارچێوەی خێزانی، پێکەوە پێوەندی جینسییان هەیە، بە جۆرێکی زۆر و سەرسام هێنەر لە مادەسڕکەرەکان کەڵک وەرئەگرن (ئەم بابەتە هەروەها خواردنەوەی مەشرووب لە خۆی دەگرێ، بۆ نموونە بە تایبەت لە نیوان پیاواندا بە هۆی ناکارامەیی لە پێوەندی جنسی، یان نەزانین لە رەوتی پێوەندی جنسی لە شێوازی نابەجێو نادروست کەڵک وەر دەگرن. یەک لەوانە خواردنەوەی مەشرووبە کە بە پێی توێژینەوە زانستییەکان مەشرووب (الکل ) لە درێژخایەندا نەک هەر کارکردنی سێکس لە ناو دەبا زۆربەی ئەوانەی کە دەیخۆنەوە تووشی نیشانەکانی کورساکێف (سندرم کورساکف، Korsakoff's syndrome) دەکا). نموونەی هەرە گرینگی ئامارەکانن کە جاروبار بڵاو دەکرێتەوە بۆ نموونە لە شاری سنە لە ساڵەکانی ١٣٨٩تا ٩١ بە پێی ئامار ٥٦ لە سەدی ئەو کەسانەی کە تەڵاقیان وەرگردوە راستەوخۆ بە هۆی کێشەی سێکسی نێوان ژن و مێرد بووە.

ئەوەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیەو لە تاقەتی ئەم وتارەدا نییە. کە وابوو ئێستا کاتی ئەوە هاتوە کە مێتۆدە کۆنەکان وەلانێینو بە راشکاویو بە پشت بەستن بە بنەما زانستییەکانو بە دوور لە «قسە دەرمانی» و « ئامۆژگاری دەرمانی»، بۆ ڕزگار کردنی حەشیمەتێکی زۆر لە تووش بوان هەوڵ بەین. پڕوسەی بەربەرەکانی مادەسڕکەرەکانو ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە درێژایی دوو سەدەی ئاخر بە سەریدا هاتوە لە چوار قۆناغدا جێ دەگرن. (لە پێوەندی نێوان دەوڵەتو خەڵک دا)

**یەکەم : بە سەر خەڵک ( دەوڵەت بە سەر خەڵک)**

لەم قۆناغەدا کەسی تووش بوو وەک تاوانبار دەناسراو ئێعدامو کوشتنو لێدان و ... شێوازی روو بەڕووبوونەوە لە گەڵ کەسی تووشبوودا بوو و هەر بەو پێیەش بەرەنگاری لە مادەسڕکەرەکان دەکرا. ناوی ئیدارەی «بەربەرەکانی لە مادە سڕکەرەکان» (ادارە مبارزە با مواد مخدر) لە ئێران بە پێی ئەم قۆناغەیە کە ئێستا کەمتر لە وڵاتانی جیهاندا بە کار دەبرێت.

**قۆناغی دووهەم: بۆ خەڵک**

لەم قۆناغەدا ئاراستەی دەوڵەتان بە نیسبەت تاکی تووش بوو گوڕدراو زیاتر لە هەوڵی ئەودا بوون لە نێو بنەماڵە، قوتابخانە و هتد یارمەتی تووش بووان بدەن، هەرچەند کوشتن و ئێعدام تا رادەیەک هەر وەک جۆرێک بەرنگار بوونەوە، مابوو.

**قۆناغی سیهەم: لەگەڵ خەڵک**

روانگەی دەوڵەتان بە نیسبەت تاکی تووش بوو و مادەسڕکەرەکان گۆڕدرا و لە جیاتی تاوانبار تاکی تووش بوویان بە نەخۆش دەزانی کە دەبا یارمەتیان بدا. لەم قۆناغەدا بوو کە « ان جی او « و ڕێکخراوە مەدەنیو ناحوکمییەکان هاتنە نێو بازنەوە و لە گەڵ دەوڵەتان و یارمەتی دەری دەوڵەتان بوون بۆ چارەسەری کێشەکان و چ لە رەوتی دەرمان و چ لە رەوتی وشیارکردنەوەی بنەماڵەکان و تووش بووان و بە گشتی کۆمەڵگادا دەوریان گێڕا.

**قۆناغی چوارم: بە خەڵک سپاردن**

لەم قۆناغەدا کە ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهانو بە تایبەت وڵاتە پێشکەوتووکان بەرێوە دەچێ لە درێژەی قۆناغەکانی تردا ئەمجارە خەڵک بە گشتی گیرۆدەی کاری بەربەرەکانی لە گەڵ مادەسڕکەرەکان لە ڕێگای بەرنامەی لە سەر بنەمای کۆمەڵگا (اجتماع محور) بوونەوە. پرۆسەی سپاردنی ئەو ئەرکە بە خەڵک ئاوایە کە کەسانی شارەزا، دەروونناسان و یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی» مددکار اجتماعی» و هتد

لە چوارچێوەی بەرنامەیی «پشت ئەستوور بە کۆمەڵگا « (اجتماع محور) خەڵک پەروەردە دەکرێ بۆ ئەوەی بە دەستی خۆی چارەنووسی خۆیو دراوسێو منداڵو کەسو کاری لە چوارچێوەی تیمێکی گەورەدا کە کۆمەڵگایە دابین بکاو مەترسی مادەسرکەرەکان کەم بکاتەوە. لەم رەوتەدا ان جی او « کان پردە بازی نیوان دەوڵەت و خەڵکن، تاکەکەس روڵی خۆی دەگێڕێ و هەر تاکێک بە نیسبەت کۆمەڵگاوە بەرپرسیارە.

لە درێژەی ئەم رەوتەدا کە ئەویش قۆناغ بەندی تایبەتی خۆی هەیە « سی بی او» (Community-based organization) (CBO)

شکڵ دەگرێ. سی بی او یان ڕێکخراوێ کە پشت ئەستوور بە کۆمەڵگایە ئەرکی ئەوەیە کە لە پرۆسەیەکی زەمانی دیاریکراودا ئامووزشی گرووپێکی دیاریکراو لە خەڵک کە بە شێوەی خۆڕسک هاتوون فێری ئامووزشی دیاریکراو دەکرێن تا بەو ئاستە بگەن بتوانن خەڵکانیتر توانامەند بکەنو بە یارمەتی یەکتر ببنە لەمپەرێکی قایم لە بەرانبەر تەوژمی مادەسڕکەرەکان. دەبێ ئەوش لە بەرچاو بگرین ئەمە پڕۆسەیەکی درێژ خایەنەو هاوکات شێوازە کلاسیکەکان وەک «متادون تراپی» و» ان ای» بە کار دەبرێت.

لە کۆتاییدا دەبی بزانین پێشگرتن لە مادەسڕکەرەکان دەبێ لە سەرووی هەر بەرنامەو پڕۆگرامێکدا بێو دەزگای راگەیاندنو میدیاکان دەتوانن دەوری ئەسڵی بگێڕن.

درێژەی:

## سەردەشتو بۆمب بارانێکی تر بە مەوادی کیمیایی

کەس قۆڵبەست کراونو ڕەانەی دەزگا پەیوەندیدارەکان کراون. بەڵام لەو کاتەوەی کە ماددەی شیشەو حەبە سڕکەرەکان هاتۆتە سەردەشت تا ئێستا هەر لەو شارە زیاتر لە نیو تۆن ماددەی شیشە دەستی بەسەردا گیراوە.

ئەوجورە ماددەیە واتە شیشە کە لە سەردشتو دەوروبەری درووست دەکرێ تێکەڵاوێکی کیمیایی زۆر خەتەرناکە کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەتوانی کاریگەریی زۆر خراپ لەسەر مێشکو ئەعسابی ئەوکەسەی بە کاری دێنێ، دابنێو وەهای لێبکات کە هەمووکارێکی دزێو بکات. بۆ سازکردنی ئەو جۆرە ماددەیە لە حەب و ئەو ماددە هۆشبەرانە ساز دەکرێ کە لە عێراقەوە دێتە خاکی ئێران. جێی ئاماژەیە کە بێنزینی زۆر بەهێز وەک بێنزینی فڕۆکە لەو جۆرە شتانەیە کە دەکرێ ئەو جۆرە ماددەیەی لێ سازبکرێ. بەڵام جێی پرسیارە کە بۆ سەردەشت؟ هەروەک باسم کرد سەردەشت بەهۆی دراوسێیەتی لەگەڵ عێراقو هەبوونی پێداویستیی سازکردنی ئەو ماددەیە لەوێ بۆتە باشترین پاڵپشت بۆ دابینکردنو سازکردنی پێداویستیەکانی کە ئەو جۆرە پێداویستیانە زۆر بەئاسانی دێنە نێو خاکی کوردستانی رۆژهەڵاتەوە. لێرەدا ئەوەش جێی داخ و پرسیارە کە بۆ دەبێ لە هەرێمی کوردستانەوە کە خۆی یەکێک لە پاکترین وڵاتانی جیهانە لە بواری ماددە سڕکەرەکانەوە ، پێداویستیی دروستکردنی ماددەی شیشە وەک حەبی پێزۆئیفێدرین لەوێرا بێتە رۆژهەڵاتی کوردستان.

بەڵام شیشە چیە کە بەم شێوەیە ماڵو ژیانی مرۆڤەکان بەتەواوی کاول دەکا؟ لە سیستمی ئەعسابی ناوەندیدا، دەمارەکانی عەسەبی راستەوخۆ پێکەوە لە پەیوەندیدا نین. لەنێوان کۆتایی سللولەکانی پێشتر لەگەڵ سەرە تای سللولی دوایی، بۆشایەکی زور بچووک هەیە کە لە زانستی پزیشکی (سیناپس)ی پێدەڵێن. بۆ ئەوە کە سللولێکی عەسەبی بتوانێ داواکارییەک بۆ سللولێکی دیکە بنێرێ، دەبێ لەئاخری خۆی ڕا ماددەیەک بۆ نێو ئەم بەشە واتە بۆشایی بچووکەکە بڵاو بکاتەوە. ئەو ماددەیە لەسەر ئەو دەمارانەی لە پێش سللوولی دوایی هەن، دەنیشن و بەم شێوەیە داواکارییەکە ڕادەگەیەندرێ. لە سیستەمی عەسەبیدا زور جۆری ئەم ماددەیەی تێدایە کە هەرکامیان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. دۆپامین وسرۆتۆنین دوو جۆر لەم مادەیەن کە بە کەڵکوەرگرتن لە شیشە دەبێتە هۆی زیاد بڵاو بوونەوەی ئەم ماددەیە لە مێشک دا، کە زێدەرەوییەک یان کەمبوونەوەی لە ڕادەی پێویست دەبێتە هۆی نەخۆشیی مێشک. ئەو کەسانەی کە ڕوو دەکەنە کەڵکوەرگرتن لە شیشە لە خۆشییەک دەگەڕێن کە دوای بڵاوبوونەوەی ئەوماددەیە لە مێشک دا بڵاو دەبێتەوە کە هەرواش دەبێ. چونکە ئەو کەسەی ڕوو دەکاتە کەڵکوەرگرتن لە شیشە یەکەم جار دەبێتە هۆی کەیفخۆشی. هێزی بیرکردنەوە و لە خۆڕادیوی زۆر بە خێرایی ڕوو لە زیاد بوون دەکاتو پێی وایە کە خۆی یەکە پاڵەوانەو پێی وایە کە کەس ناتوانێ ئازاری بدات. هەر لەم کاتەشدا زیاترهۆگری خەڵک دەبێو لە ڕادەبەدەر مێهرەبانو خۆرێکخەر دەبێ، تا ماوەیەک لەمەوبەر نەیدەتوانی کاتێکی کەم خەریک خوێندنەوە(سەعی کردن) بێ، بەڵام ئەمجار هەر لەسەری شەو تا بەیانی بێوچان دەرس دەخوێنێتو هەربۆیە کەسێک کە قوتابییە ڕەنگە مانگی یەکەم لەبواری خوێندن دا زۆر باش بێت و ئەگەر هەتا دوێنێ نەی توانیبا دێرێک شێعر لەمێشکی دا ڕابگری ئەوە دەبێتە شاعیرو شێعر دەڵێت. هەر لەم کاتە دا کاتی دەبینێ هیچ شتێک تا ئەو ڕادەیە کەیفخۆشی ناکات ئەوە سەر لە نوێ کەڵکی لێ وەردگرێتەوە، جا ئەو جار زوو بە زوو دووپاتی دەکاتەوە. دوا جار کە ئەو هەمووە خۆشییە تێری ناکات ئەوجار حەز دەکات کە هەموو کات سەرخۆش بێت، هەر بۆیەش دەبێ زیاتری بەکار بێنێ. بەم جۆرە ئەوە شیشە کاری ماڵویرانکەرانەی خۆی دەکات و ئەو کەسە بەهۆی تەڕەشوحی لەڕادەبەدەری (نۆرۆترانسمیتیر)ەکان واتە هەر ئەو ماددەیەی لە نێوان سللولەکان ساز دەبوو، لە ئەنجامدا مێشک ناتوانێ کاری خۆی بەباشی ئەنجام بدات. ئەو کاتەیە کە کاریگەریی کەڵکوەرگرتن لە شیشە لە لەش دا خۆ وەدەردەخاتو ئەو کەسەش بەجوانی هەست بەوە دەکاتو لە ترسی عەوارێزەکەی درێژە بە کەڵکوەرگرتنەکەی دەدات. بەڵام وردە وردە ئەو خۆشییەی جارانی نابێ. جا ئەم جار کەم هۆشی، شەڕانی بوونو ئاکاری ناحەزو کێشەی دڵو مێشک سەر هەڵدەداتوکوتانی دڵ نائاسایی دەبێ. هەر بۆیە ئەو کەسەی لە شیشە کەڵک وەردەگرێ بەتەواو مانا تێک دەچێو زوو هەڵ دەچێتو هەموو کارێکی لێ چاوەڕوان دەکرێت. دڵەڕاوکە،گێژی، لەرزۆکبوونی جەستە، سەرو دڵگرتن دەتوانێ لە هۆکارەکانی کەڵکوەرگرتن لە شیشە بێت. کەمبوونەوەی زانیاریی مێشکوکەمبوونەوەی هیزی دیتن و گوێ لێبوون و زۆر لە نەخۆشییەکانی دیکەی دەمارەکان لێی دەردەکەون دواجاریش تووشی راوەستانی دڵو مردن دەبێت.

ئەمرۆ زۆر بە داخەوە ئەو بەڵامالویرانکەرە لە لایەن کەسانێکی خۆولاتیو بە ناو مرۆڤ دەکرێتو سەردەشتیان داوتە بەرپەلاماری بۆمبارانێکی کیمیایی دیکە. روون نییە سبەی کام شاری وڵاتەکەمان دەکەنە ئامانجی پەلاماری خۆیانو خەڵکی بێ تاوان دەکەنە قوربانی. لای هێندێک کەس کاتێک مرۆڤایەتی دەمرێ، ویستو داخوازو ئامانجی تەنیا دەبێتە پارە و بو وەدەست هێنانی ڕوو لە هەموو شتێک دەکەن تەنانەت ئەگەر کاول کردنی ماڵی دۆستو خزم هاووڵاتانیش بێتو پووڵپەرەستی دەبێتە ئامانج. لەوەها بارودۆخێک دایە کە دەبی بڵێم کار لە گریان تێپەر دەبێو رووداوەکە دەبێتە تراژێدی.

لە شاری سەردەشت ئەگەر ڕاو تەکبیرێکی باش بو ئەم گرفتە نەکرێتەوە ئەوە سەردەشت بەرەو قەیرانێکی گەورەو ئەفغانستانێکی دیکە دەچێت. هەرهێشتا درەنگ نەبووەو بە وتەی پێشینیان ماسی هەرکات لە ئاوێ بگری تازەیە. خەڵکی بەورەی سەردەشت ئەگەر بەرپرسانو کاربەدەستان بیانەوێو هاوکاریی بکەن، دەتوانن پێشی ئەم دێوەزمە ماڵوێرانکەرە بگرن تا گشت ناوچەکانی کوردستانی نەگرتۆتەوە. هەروەها بەرپرسانو کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چاودێریی زیاتری ئەو دەرمانانە بکەن کە شیشەیشی لێساز دەکرێو لە هەرێمی کوردستانەوە دەچێتە روژهەڵاتی کوردستان. بەم جۆرە دەبێ لە زۆر لاوە بەربەرەکانییەکی جیددی لە گەڵ ئەم دیاردە پڕمەترسییە بکرێ بۆ ئەوەی خەلکی سەردەشتو ناوچەکانی دیکە چیتر نەبنە قوربانیی ئەم بەڵا ماڵویرانکەرە.

# فەلسەفەی دەسەڵاتدارێتیی سیاسی

نووسەر: دەیڤید میلر

بەشی دووهەم

و: مادح ئەحمەدی

ئانارشیستەکان پێیان وایە ئەم کارە سەر دەگرێو سەرەڕای ئەوەی ئانارشیستەکان بەردەوام کەمینە بوون، ئێمە دەبێ گوێیان لێ بگرین: ئێمە وەک فەیلەسوفانی سیاسی ئەرکمان ئەوەیە کە دەسەڵاتی باو بخەینە بەردەم تاقی کردنەوەوە، کەواتە ناتوانین دەسەڵاتی سیاسیی بە بێ لێکدانەوەی ئەو جێگرەوانەی کە لە ئارادان، سەلمێنراو لە قەڵەم بدەین. لێرەدا دەتوانین دوو ڕێگای جیاواز هەڵبژێرین: خودی ئانارشیستەکانیش دەبنە دوو گرووپی تەواو لێک جیاواز. گرووپێکیان بەرەو لای کۆمەڵەکان دەچن و ئەوی دیکەشیان بەرەو لای بازار.

جێگرەوەی کۆمەڵەخوازانی دەسەڵاتیی سیاسی، ئەو کۆمەڵانەیە کە ئەندامەکانیان ڕاستەوخۆ پێوەندییان پێکەوە هەیە. ئەم کۆمەڵانە بۆ دروست کردنی متمانە لە نێوان تاکەکان‌دا بنەڕەتیترین تۆخمنو دەبنە هۆی سەرگرتنی هاوکارییەکانی نێوانیان. لە کۆمەڵەیەکی بچووکدا کە خەڵکەکەی هەموو ڕۆژێک لەگەڵ یەکتری بەرەوڕوو دەبنەوە و هەمووان ئەندامانی کۆمەڵەکە دەناسن و دەزانن کێگەلیش ئەندام نین، پاراستنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی تاڕادەیەک ئاسانە. هەر کەسێک هێرش بکاتە سەر کەسێکی دیکە، دەست بە سەر ماڵ و سامانی خەڵکی دیکەدا بگرێ، یان ئەو کارانەی کە ئەرکیەتیو لە کۆمەڵەکەدا بەو سپێراوە ئەنجام نەدات، لەگەڵ سزای دیاری کراو بەرەوڕوو دەبێتەوە. چۆنکە هەواڵی هەڵسووکەوتە نەشیاوەکانی بڵاو دەبێتەوەو خەڵکی دیکە لۆمەی دەکەن و ڕەنگە لە داهاتووش‌دا کاری لەگەڵ نەکەن. لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەکەدا لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێو ڕەنگە داوی لێبکەن کە کۆمەڵەکەیان بەجێ بهێڵێ. هەموو ئەمانە بە بێ ئەوەی تاکی خراپەکار ناچار بە ئەنجامدانی کارێک بکرێ، دەتوانێ ڕووبدا. با بە شێوەیەکی فەرمی سزاش بدرێ - لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ئێمە دەتوانین کۆمەڵەخوازی وەک جێگرەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەقەڵەم بدەین، نەک شێوازێک لە کۆمەڵەگەرایی. یەکێک لە گرنگترین حەزەکانی مرۆڤ، ئەوەیە کە حەزی لێیە قبووڵ بکرێو لە لایەن دەورووبەرەکەیەوە ڕێزی لێ بگیردرێ. تەنانەت سەرەڕای ئەوە کە مرۆڤەکان بێ تاوان و پاک نین ئەم حەزە دەبێتە هۆی ئەوەی لە چوارچێوەی کۆمەڵەیەکی بچووکدا هاوکاری بکەن.

ئانارشیستە کۆمەڵەخوازەکان پێیان وایە لە کۆمەڵگایەکدا کە هەڵقوڵاوی ئەم جۆرە کۆمەڵانە بێ، لە پانتایەکی بەربڵاوتردا هەلی هاوکاری دەڕەخسێ. لە بنەڕەتدا کۆمەڵەکان لەگەڵ یەکتری ڕێک دەکەون کە خزمەتگوزاییەکانیان بگۆڕنەوە - بۆ وێنە ڕەنگە هەر کامیان لە بەرهەمهێنانی کاڵا جیاوازەکاندا شارەزایی پەیدا بکەن - و لەو پرۆژانەدا کە ڕەهەندێکی گەورەتریان، وەک دامەزراندنی سیستمی گواستنەوە و یان گەیاندن، لەگەڵ یەکدی هاوکاری بکەن. هەموو کۆمەڵەیەک قازانجی لەوەدایە کە بەشداری لەم ڕێککەوتنانەدا بکا و ئەگەر کۆمەڵێک ڕێککەوتنەکە بەڕێوە نەبا و دەربکەوێ کە جێ متمانە نییە، سزاکەی ئەوەیە کە لە داهاتوودا لە هاوکاری کۆمەڵەکانی دیکە بێ بەش دەبێ. کەواتە لێرەدا دەسەڵاتێکی ناوەندیی بۆ ئەوەی بە هەموو لایەک ڕابگەیەنێ کە چ بکەن، پێویست ناکا و پێویستیش نییە لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە کۆمەڵەکان ناچار بکرێن هاوکاری یەکدی بکەن - خودی سیستمەکە لە ڕووی کارامەییەوە کارەکانی ڕایی دەکا و ڕێوشوێنیان بۆ دادەنێ.

کێشەی ئەم وێنە جوانە کە بە نیسبەت ژیانی بێ دەوڵەتەوە پێشکەش دەکرێ، لە چی دایە؟ لێرەدا کێشەی گەورە ئەوەیە کە ئەم وێنەیە لە سەر ئەو کۆمەڵە بچووکە لێک ئاڵاوانەی کە بنەمای سەقامگیری کۆمەڵایەتین، دانراوە. ئەگەرچی لە ڕابردوودا گریمانەی بوونی ئەم کۆمەڵانە لۆژیکی بوو، بەڵام ئەمڕۆ چیتر بەو شێوەیە نییە. ئێمە لە کۆمەڵگاگەلێکدا دەژین کە زۆر بزۆکن، چ بەو واتایە کە تاکەکان بە ئاسانی شوێنگۆڕکێ دەکەن و چ بەو واتایە کە تاکێک هەمیشە تاکگەلێکی نوێ بۆ یارمەتیدانو هەروەها بەداخەوە بۆ کڵاو لەسەرنان، دەدۆزێتەوە. ئەم وێنە ئانارشیستییە بێ مانا نییە، بەڵام تەنیا بەو مەرجە چارەسەرە کە ئێمە لە ماوەی زەمەن‌دا لەگەڵ گرووپێکی دیاری کراوە کار بکەینو بەم پێیە شێوەی هەڵسوکەوتی ئێمە لە ناو گرووپەکەدا چوارچێوەو تێگەیشتنی هاوبەشیی لێ بکەوێتەوە. پێش مەرجێکی دیکەی ئەم وێنەیە ئەوەیە کە ئەگەری دورخستنەوە لە گرووپەکە ببێتە کۆسپێکی بەهێز لە بەرابەر هەڵسوکەوتی دژە کۆمەڵاتیی دا. بەڵام ئەم مەرجە لە کۆمەڵگایەکی بەربڵاوی بزۆکدا نایێتە دی. بەم پێیە ئێمە پێویستمان بە سیستمێکی دادوەرییە بۆ ئەوەی ئەوانەی زیان بە ئەوانی دی دەگەێنن چاودێری و دەستگیر بکاو دواتر سزایان بدا. پێک هێنانی ئەم سیستمە دادوەرییە ئەو هەلەمان بۆ دەڕەخسێنێ کە گرێبەستگەلێکی پێویست لەگەڵ یەکدی ببەستین کە لادان لەو گرێبەستانە ببێتە هۆی سزادانمان.

هاوکاری نێوان کۆمەڵەکان بەو شێوە کە ئانارشیستەکان باسی دەکەن بێ کەموکوڕی نییە. چونکە ئەمەگدارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵەکەت، بە گشتی بێ متمانەیی بەرامبەر بە ئەوانی دی لێدەکەوێتەوە و هەر ئەم هەستە دەتوانێ هەموو ڕێککەوتنەکان هەڵبوەشێنێتەوە. چونکە ئێمە - کە لایەنێکی ڕێککەوتنەکەین - ناتوانین دڵنیا بین لەوەی کە ئێوە - کە لایەنی دیکەی ڕێککەوتنەکەن - لە پرۆژەیەکەدا کە بە هاوبەش کاری لە سەر دەکەین، نیوە بە نیوە ئەنجامی بدەن. تەنانەت ڕەنگە هەر لە سەرەتاوە ڕێککەوتنێک لەمەڕ ویستەکانی دادپەروەری لە نێوانمان‌دا نەبێ. وای دابنێن کە دەمانەوێ لە نەبوونی دەسەڵاتدارێکی ناوەندیی‌دا، ڕایەڵەیەکی ڕێگای ئاسن لە ئاستی سەراسەری‌دا دروست بکەین. هەر کۆمەڵەیەک دەبێ تا چ ڕادەیەک سەرچاوە پێویستەکان دابین بکا؟ ئایا هەر کۆمەڵەیەک دەبێ بە پێی ڕێژەی جەماوەرەکەی سەرمایە دابنێ، یان کۆمەڵە دەوڵەمەندەکان دەبێ بە پێی ماڵو سامانیان بەشی زیاتر بدەن؟ ئەگەر کۆمەڵەکەی من لە ناوچەیەکی دوورە دەست بێ کە ڕاکێشانی ڕێگای ئاسن بۆ ئەوێ تێچوویەکی زۆر زیاتری بوێ، ئایا کۆمەڵەکەم دەبێ بە تەنیا ئەو تێچوویە بدا، یان نا ئەم تێچوویە دەبێ وەک یەک لە نێوان کۆمەڵەکان‌دا دابەش بکرێ؟ وەڵامەکانی ئەم پرسیارانە ئامادە نین، و هیچ هۆکارێکیش بۆ ئەوە کە پێمان وابێ کۆمەڵە ناوچەییەکان دەتوانن لەمەڕ ئەم بابەتگەلە بگەنە ڕێککەوتنێکی خۆویستانە، نییە. لە بەرامبەردا دەوڵەت دەتوانێ ڕێگا چارەیەک بسەپێنێ: دەوڵەت دەتوانێ، بۆ وێنە بە وەرگرتنی باج، هەر تاکێکو یان کۆمەڵەیەک ناچار بکا کە بڕێکی دیاری کراو لە تێچووەکان بدا.

ئێستا وەرن با جێگرەوەیەکی ئانارشیستی دیکە بۆ فەرمانڕەوایی سیاسی لێکبدەینەوە. جێگرەوەیەک کە لە سەر بنەمای بازاڕی ئابووری دانراوە. بێگومان ئەم جێگرەوەیە لەگەڵ دونیای مۆدێرن باشتر دەسازێ، چونکە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵک لە لای یەکتر کار بکەن، بازاڕ باشترین ئامێرەو ئەمەش لە ساڵانی ڕابردوودا دەرکەوتووە. لە ئێستادا زۆربەی شمەک و خزمەتگوزارییە پێویستەکانی ئێمە بازاڕ پێکی دێنێ. بەڵام ئایا بازاڕ دەتوانێ جێگرەوەی دەوڵەت بێ؟

ئەو ئاناراشیستانەی کە لایەنگری بازاڕن - کە جاروبار لیبرتێریەن (Libertarian) (لایەنگرانی ئازادی تاک)یان پێ دەوترێ - ئێژن ئێمە دەتوانین بۆ وەرگرتنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دەوڵەت پێشکەشی دەکا، وەک تاک گرێبەست ببەستینو تێچووەکەشی بۆ خۆمان بیدەین. گرنگترینی ئەو خزمەتگوزارییانەش، پارێزگاری کردنە لە گیانو ماڵ و سامانی تاکەکان. لە نەبوونی دەوڵەت‌دا کۆمەڵێک کۆمپا دادەمەزرێن بۆ ئەوەی پارێزگاری لە کڕیارەکانو ماڵو سامانیان بکەن. بەم پێیە وەرگرتنەوەی ماڵو سامانی دزراو، جێبەجێ کردنی گرێبەستەکان، وەرگرتن غەرامە لە بەرابەر ئەو زیانەی کە تاک بەری کەوتووە، لە ئەستۆی ئەو کۆمپانیاگەلە دایە. کەواتە ئەگەر دراوسێیەکەم شتێکی من بدزێ، بە جێی ئەوەی پێوەندی بە پۆلیس (دەوڵەتی)ـەوە بکەم، پێوەندی بە جێبەجێکارەکەی خۆمەوە دەکەم و ئەویش لە لایەن منەوە دژی دراوسێیە دزەکەم ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتە بەر.

بەڵام ئەگەر دراوسێیەکەی من ڕەتی بکاتەوە کە دزی کردوەو جێبەجێکارەکەی خۆی (کە ڕەنگە لەگەڵ جێبەجێکارەکەی من جیاواز بێ) ئاگادار بکاتەوە، چ ڕوو دەدات؟ لیبرتێریەنەکان دەیژن ئەگەر دوو جێبەجێکار نەتوانن ڕێک بکەون، پە نا دەبنە بەر بڕیارێک کە ئەویش بۆ ئەو کارەی کە کردویانە هیچ پاداشتێک وەرناگرن. هەر چی بێ هیچ کام لە جێبەجێکارەکان قازانجیان لەوەدا نییە کە بکەونە کێشەوە لەگەڵ یەکتری. بەم پێیە بازاڕێکی سەرەتایی بۆ خزمەتگوزاری پارێزگاری کردنو بازاڕێکی دیکەش بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکییەکان هەیە - مەگەر ئەوە کە هەمووان لەگەڵ یەک جێبەجێکار ڕێک بکەون (بەڵام بۆ دەبێ وا بێ؟). ئەو خزمەتگوزارییانەی دیکەش کە دەوڵەت پێشکەشی دەکات دەکەوێتە ئەستۆی بازاڕیش - تاکەکان لەگەڵ کۆمپانیاکانی دڵنیایی تەندروستی گرێبەست واژۆ دەکەن، بۆ خوێندنی منداڵەکانیان پارە دەدەن، بۆ سەفەر بە جادەکاندا باج دەدەن، و ... هتد.

بەڕاستی ئایا ئەم سیستمە فەرمانڕەوایی سیاسی لە ناو دەبات؟ کۆمپانیاکانی پارێزگاری کردن بۆ بەرگریکردن لە خوازیارەکانیان پێویستیان بەوەیە لە زۆر کەڵک وەربگرن. ئەگەر دراوسێیەکەی من ئەو ماڵو سامانەی کە بەهەق سەلمێنراوە هی منە، نەیگەڕێنێتەوە، ئەو کات جێبەجێکارەکەی من ئایا پیاوە بەهێزەکانی دەنێرێ بۆ ئەوەی ماڵو سامانەکەمی لێ وەربگرێتەوە. بەڵام هێشتا دەسەڵاتدارێتیی بە مانای واقیعی وشە لە گۆڕێدا نییە، چونکە دراوسێیەکەی من لە سەری نییە جێبەجێکارەکەم بە فەرمی بناسێ - ئەو هەمیشە دەتوانێ لە بەرابەردا وەک خۆی ئەنجام بداتەوە - و منیش ئەگەر لە کردەوەکانی جێبەجێکارەکەم ڕازی نەبم، دەتوانم گرێبەست لەگەڵ جێبەجێکارێکی دیکە واژۆ بکەم. لە ڕاستیدا ئەمە جێگرەوەیەکی ئانارشیستییە بۆ دەوڵەت. بەڵام ئایا ئەمە جێگرەوەیەکی باشە؟

ئەو گریمانەیە کە جێبەجێکارە جیاوازەکان بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکییە دارییەکان و کێشەکانی دیکەی نێوان خوازیارەکانیان لە یەک ڕێسا پەیڕەوی بکەن و لەکاتی ناکۆکیدا هەموویان ملکەچی بڕیاری دادوەری سەربەخۆ بن، گریمانەیەکی سەرنج ڕاکێشە. بەڵام بۆ دەبێ ئەوان وا بکەن؟ ڕەنگە جێبەجێکارێک بەو هیوایە کە خوازیاری زیاتر بۆ خۆی بەدەست بێنێ، بەڵێنی ئەوە بە خەڵک بدات کە لە هەموو دۆخێکدا شەڕیان بۆ دەکا - تەنانەت ئەگەر بە پێی ئەو پێوەرانەش کە زۆرینەی خەڵک پەسەندیان کردوە، داوای خوازیارەکانیان ڕەوا نەبێ. ئەگەر چەند کەس لەم جێبەجێکارانە بچنە ناو بازاڕەکەوە، ئەوانی دیکەش ناچار دەبن بە هەمان شێوە کۆمەڵێک ڕێگای هێرشبەرانە بگرنە بەر. واتە جێبەجێکارەکان بۆ چارەسەکردنی ناکۆکییە ڕوو لە زیاد بوونەکانی خۆیان پەنا دەبەنە بەر زۆری فیزیکی. لێرەدا ئەو مەترسییەش لە سەر خەڵکی ئاسایی هەیە کە لە ناو کێشەکەدا گیر بکەن. بەم جۆرە وردە وردە دەگەڕێینەوە بۆ لای ئەو دۆخەی کە هۆبز باسی دەکرد:» جەنگ، ئەو شوێنەی کە هەر مرۆڤێک دوژمنی ئەوی دیکەیە». لە وەها دۆخێکدا تەنیا هەڵبژاردنیی ئاوەزمەندانەی هەر تاکێک ئەوەیە کە لەگەڵ جێبەجێکارێک ڕێک بکەون کە ئەگەری سەرکەوتنی زیاتری لە شەڕەکان‌دا هەیە. بەڵام ئاکامەکەی ئافراندنی تاکێک (یان لێژنەیەک) ـە کە دەسەڵاتو هێزی ئەوەی هەیە کۆمەڵە یاسایەک بسەپێنێ بە سەر تاکەکان‌دا - بە واتایەکی دیکە ئێمە (نەخوازراو) دیسان دەوڵەتمان ئافراندوە.

پشت بەستن بە بازاڕ بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کردارانەی کە دەوڵەت لە ئێستادا لە ئەستۆیە، کێشەی دیکەی لێ دەکەوێتەوە. یەکێک لەو کردەوانە ڕێخۆش کردنو ئامادە کردنی ئەو شتانەیە کە «ویستی گشتی» (Public goods)یان پێ دەوترێ - کۆمەڵە قازانجێک کە هەمووان سوودی لێوەردەگرنو ناتوانرێ کەسی لێ بێ بەش بکرێ. ئەم قازانجانە جۆراوجۆرن - بۆ وێنە هەوا و ئاوی خاوێن، بەرگری لە بەرامبەر دەستدرێژی دەرکی‌دا، دەست ڕاگەیشتن بە ڕێگاو بان، پارکەکان، کەوپەلی کەلتووری، میدیاکان و کۆلێک شتی لەو بابەتە. ئەم داواکارییانە یان بە سەپاندنی کۆمەڵێک سنوور بە سەر تاکەکان دا دابین دەکرێ - بۆ وێنە کاتێک حکوومەتەکان داوا لە کارخانەدارەکان دەکەن کە ڕێژەی بڵاوبوونەوە گازە ژەهراوییەکان لە هەوا کۆنترۆڵ بکەن - یان بە زیاد کردنی باج و کەڵک وەرگرتن لەم داهاتە بۆ دابین کردنی تێچووی میدیا گشتییەکان، سیستمی گواستنەوە، پاراستنی ژینگە و شتی لەو بابەتە. ئایا دەرەتانی ئەوە هەیە کە ئەم داواکارییانە لە بازاڕی ئابووریشدا جێبەجێ بکرێ؟ کاری بازاڕ لە سەر ئەو بنەمایە ڕاوەستاوە کە خەڵک لە بەرابەر کاڵاکان (داواکارییەکانیان)و سەرجەم ئەو خزمەتگوازییانەی کە کەڵکی لێوەردەگرن، پارە دەدەن. لەمەڕ داوکارییە گشتییەکان کێشەکە ڕاست ئەوەیە کە ئەم دواکارییانە بۆ هەر تاکێک، چ پارەی بۆ بداو چ پارە نەدا، دابین کراون. دیارە بە پێی تێگەیشتنی تاکەکان لە بایەخی ئەو داواکارییانەی کە بۆیان پێک هاتووە، دەکرێ خۆویستانە بەشداری لە دابین کردنی تێچووەکانیان‌دا بکەن: نۆژەن کردنەوەی کلیسا کۆنەکان کە تێچووی زۆری دەوێ، تا ئاستێک چاویان لە دەستی ئەو کەسانەی کە سەردانی کلیسا دەکەن و چێژ لە سەردانەکەیان وەردەگرن و دواتر ڕەنگە پارەیەک بخەنە ناو سندوقی لای دەرگاکەوە. بەڵام مفتەخۆری مرۆڤ بەدخو دەکا و زۆربەی حزمەتگوزاییە گشتییەکان بە شێوەیەکن کە بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین، کەڵکیان لێ وەردەگرین (بۆ وێنە کاتێک بەیانیان لە خەوە هەڵدەستین، قەت بیر لەوە ناکەینەوە کە هەڵمژینی هەوای خاوێن و دوور بوون لە هێرشی دەرکی چ نیعمەتێکە: وەک ئەوە وایە کە ئەو شتانە هەن و دەبێ هەبن، تەنیا کاتێک دەزانین کە وا نییە کە کێشە لە شوێنێک دروست ببێ). بەم پێیە بەو ئەنجامە دەگەین کە بۆ دڵنیا بوون لە دابین کردنی ئەو خزمەتگوزاییانە، دەسەڵاتێکی سیاسیی بەهێزمان پێویستە.



# «کەمەندی»کوڵکەزێڕینەی هونەروگۆرانی



**عەلی لەیلاخ**

نزیک بە ساڵێکە دەستی نادیاری مەرگ خەریکە کەڵەهونەرمەندانمان لیٚدەستێنیٚو هەر چەند مانگ جارێک بە بیستنی کۆچی دوایی هەرکام لەم عەزیزانە ڕادەچڵەکین. لە دوای مەرگی مەزنە شاعیری کورد شێرکۆ بێکەس کۆمەڵگەی کوردستان بە تایبەت لە رۆژهەڵات هەردەم تووشی خەم وکۆستی تازە بووەو خەمبارتر بووە. ماویەکە شاری «سنە«بۆتە ناوەندی ئەم خەمو پەژارانەوجێگای بە تاڵی کەسانێکی لێهاتوو وەکوو «مەحیەدینی حەقشناس»و «کابرات «و مەلەک محەممەد محەممەدیو، عەبدوڵڵای شەریعتی. لە بوارە جیاجیاکانی هونەر بەتەواوەتی هەست پیٚدەکرا هەتا کۆچی دوایی شاعیر، نیگارکێش، ئاوازدانەروگۆرانیبێژی سەرکەتووی کورد مامۆستا عەبباسی کەمەندی هەموومانی تاساند.

ئەگەرچی مەرگ لە ئاستی هونەرمەندان‌دا کویلەیەو هیچکات نەیتوانیوە مەزنایەتییان بشارێتەوە. بەڵام گەورەییو بوونی ئەم ئازیزانە ئەوەند پێویستە کە بڵاو بوونەوەی هەواڵی مەرگیان، هەست بە خەمێکی نامۆدەکەین‌وغەریبی خۆمان لە ئاسەوارە بەنرخەکانیان دەبینینەوە. کە «شیرکۆ» مرد لە ناکاو واماندەزانی پەپوولەیەکین لە «دەربەندی پەپوولە«و باڵی هەستمان بە خەمباری فریٚ. بە بیستنی مەرگی «مەحیٚدینی حەقشناس»یش،گشت کوردە تاراوگەنشینەکان بەتایبەتی کوردانی خەڵکی سنە بە سواری شاباڵی زیڕینی «شارەکەم سنە« گەڕانەوە بەرەولای کۆڵانی منداڵیو دەیان نۆستالژیاو خۆشەویستنی خاکونیشتمانی‌داگیرکراو. کە «کابراتو»عەبدوڵڵای شەریعەتی بە جێیٚهێشتین « بیٚناز بوونی دەوڵوزورناو گۆرانی رەسەنی کوردی ئاخێکی لە ناخمان‌دا هەڵکشا. هەروەها کە «کەمەندی»حەوتەوانەی هونەر کۆچی دوایی کرد،لە هەر چوارپارچەی کوردستان گۆرانیە ئەهوورایییەکانی دەنگی دایەوە.گۆرانی»کاڵە بەی و»کیژی لادیٚو قافڵەچیو دەیان گۆرانی دیکە، بوون بە پۆلێک کۆتری خۆشەویستی‌وشاربەشاروباخ بەباخی نیشتمان گەڕانو لەسەر چڵی چەمیوی چارەنووسمان نیشتنەوە.

ئەگەرچی باشتر وایە لە کاتی زیندوو بوونی کەسانێک وەکوو ئەم گورانیبێژە ناودارە رێزیان لیٚبگیردریٚو بەرهەم وچالاکییە هونەرییەکانیان بخرێتە بەر باس، بەڵام ئەم خەسارەش هۆکاری جۆربەجۆری هەیە کە رەنگە لەو بەشەی لە کوردستان واتە رۆژهەڵات نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی کوردی سەرەکیترین هۆکار بێت. هەتا ئیمکانی ئەوە هەبیٚ کە باشترین‌وشیاوترین هەلومەرج بۆ ژیان‌وکاری هونەرمەندان‌ونووسەران، دابین بکرێت. هەر بۆیە لێرە بۆ رێزلێنانو هاوخەمی، ئاورێک لە ژیانی هونەری ئەم هونەرمەندە هەست ناسک‌ودڵبزوێنە دەدەینەوە:

عەبباسی کەمەندی لە ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی لە گەڕەکی «جورئاوا»ی شاری سنە لە بنەماڵەیەکی هونەرمەند لە دایکبوو. لە تەمەنی ١٨ساڵەیی بە شیوەی پیشەیی دەستی دایە نووسینو توانی هەر لەوتەمەنە چیرۆکی (شەوبۆو حەمەشوان) بنووسێت کە لە رادیوی سنە چەندین جار بڵاوکرایەوە. دوای دامەزرانی تلەویزیۆنی سنە کاری ئەدەبی خۆی، واتە چیرۆکو شانۆنامە نووسین درێژە پێداو لە بەرهەمە هەرە بەرچاوەکانی ئەم هونەرمەندە لە بواری کاری تلەویزیون دەتوانین ئاماژە بکەین بە دوبلەی سەرکەوتوانەی (زنجیرە فیلمەکانی «لۆرڵ وهاردی»کە بۆ خۆی لەم دوبلاژە لە جیاتی چوار ئەکتەر بە دەنگی جیاجیا قسەی کرد.

دوای ناسینو دۆستایەتی لە گەڵ»حەسەن کامکار» باوکی بنەماڵەی کامکارەکان، بەرەبەرە هاتە نێو مەیدانی گۆرانی چڕین‌وئاواز دانانو هەڵبژاردنو نووسینی شێعر بۆ گورانییە کوردییەکانی ئەوسەردەمە هەتا سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێران زۆربەی هەرە زۆری شێعرو ئاوازی گۆرانیەکانی (خانە فرهنگ) لە ئەستۆی مامۆستا کەمەندی بوو، هاوکاری عەبباسی کەمەندی‌وکامکارەکان کە بوون بە بەناوبانگترین گرۆپی مۆسیقایی لە ئێران بوو بەهۆی خۆڵقاندنی دەیان گۆرانیو ئاوازی جوانو هونەرمەندانە،کە یەکەم بەرهەمیان لە ژێر ناوی «هەورامان»و لە ساڵی ١٣٦٠بڵاوکرایەوە کە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی باشی لێکرا. چونکە لەسەردەمانێک کە شاری سنەی ملیتاریزە کراو وەکوو دەروازەی هێرش کردن بۆسەر کوردستان! ئەمە گورانییەکانی هونەرمەندانێک وەکوو کەمەندی بوو کە توزقاڵێک فێنکایی لە چەشنی کانیاوەکانی کوردستانی دەخستە ناخی هەڵپروزکاوی تاکی کوردوخەڵکی بیٚ دەرەتانو زوڵم لێکراو. دەنگە بەسۆزوعاشقانەکەی لاواندنەوەیەکی ئەویندارانە بوو، بۆ کۆسپ‌وخەمی داسپاو بەسەر خەڵکی دڵبەخەم ژیان شڵەژاو.

دووکاسێتی دیکە بە ناوی «پرشنگ و»گەلاوێژ» بەرهەمی هاوکاری کاک عەبباسی کەمەندی‌وکامکارەکانە،کە تائیستاش لە باشترین‌و هونەری‌ترین گورانییە کوردییەکان دێتە ئەژمار. چونکە هەم خاوەنی دەنگ‌وفۆرمی مۆسیقایی تایبەت بە خۆیە هەمیش بە خوێندنێکی تەڕوتازەتری ئاوازە رەسەن‌وفۆلکلۆرییەکان گیانێکی دووبارەی بەخشی بە گۆرانی کوردی ئەم هونەرمەندە مەزنە بۆ ماویەک بە هۆی هێندێک گیروگرفتی ژیانو نەخۆشی دەست لە گۆرانی گوتن هەڵدەگریٚو دەگەڕێتەوە سەر یەکەم



هونەری خۆی واتا درێژە بە نووسین دەدات. توانی لەم ماوەیەدا چەندین بەرهەمی باش پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی بکات،کە بریتین لە شێعر وکۆ کردنەوەی ئەدەبی فۆلکلۆریکو هەروەها چەندین نمایشنامەوفیلم نامەی بە نرخیشی نووسی. وەکوو فیلم نامە «سنجرخان» قارمانێک لە دەروبەری ناوچەی سنەولەیلاخ کە بەرانبەر بە هێرشی سپای رووس دەست ئەداتە خەباتی چەکداریو هێزی داگیرکەر لەو ناوچانە ڕاو دەنێت. نووسین‌وزیندوو کردنەوەی چیرۆکی فۆلکلۆر بۆ منداڵان بەناوی (پاڵەوان پەمۆ) کە بە گوێرەی قسەی خۆی هاوشێوەی رۆمانی بەناوبانگی»سروانتس»ی ئیسپانیایی بەناوی(دۆن کیشۆت)ە.

ئەم مرۆڤە بەرزو بەهەستە جیا لە نووسینی ١٥٠ شێعر بۆ ئاوازە و ملۆدی کوردی‌وتۆمار کردنی٦٠ گۆرانی بە دەنگە بەسۆزەکەی لە بوارەکانی دیکەش وەکوو لێکۆڵینەوەوشانۆنامە نووسین خاوەنی چەندین بەرهەمی بەنرخە وەکوو:

– نووسینی ژیانامەی هێندێک لە ناودارنو پاڵەوانانی کورد

– کۆ کردنەوەی ئەدەبی فۆلکلۆریک.

– نووسینی شانۆنامەی؛ئەسپ/هەڵفرین لەنێو قەفەسدا/کۆڵانی سوور/کاروانسەرا/قەڵەم وشەیتان...

هەروەها خاوەنی چەند کتێبە؛

–کۆمەڵەشێعری کوردی‌وفارسی

–ژیاننامەی سەی ئەسغەری کوردستانی

–هەورامان

–کۆکردنەوەی شێعری هەجایی لە ئێران پێش هاتنی ئیسلام.

ماندوویی نەناسی‌وچالاکی ئەم هونەرمەندە گەورەیە لە بوارە جیاجیاکان سەرەڕای ژیان‌وبژیوی کورت‌وناخۆش بە ڕاستی جیگای سەرنجو رێزلێنانە. هەرچەند ژیانی ناخۆش بۆهونەرمەندانی کورد بە داخەوە هێشتا هەر درێژەی هەیە، بەڵام ورەی بەرزو بەهەستی کەسانێک وەکوو «کەمەندی»بوونەتە هۆی دەوڵەمەندی ماڵی ئەدەب وفەرهەنگی کورد. هونەرمەندانی هەڵسوورو چالاک بیٚ گومان سامانێکی نەتەوەیی‌وئینسانین بۆ هەر نەتەوەیەک. ئەگەرچی بەرێز «کەمەندی» ئازارە تاکەکەسییەکانی شان بەشانی بەرهەمەکانی دەهاتن بۆ نموونە؛ دوای ئەم هەموو تیٚکۆشانە خانوویەکی بۆ خۆی نەبوو کە تێی‌دا بحەسێتەوە! بەڵام هەرگیز ئیزنی نەدا ژیان چۆکی پیٚدابێنیٚو لە رەکەبەری هونەرو ژیانی تاڵ سەرکەوتووانە سەرکەوت. هەرگیز هونەرو گۆرانی تیکەڵ بە شتە دزێو و ناحەزەکان نەکرد و بە گورانیبێژێک ناسراوە کە بۆ ئەوینێکی بەربەرینو دنیایەکی پڕ لە خۆشەویستی‌وجوانی گۆرانی چری و ئاوازی دانا. هونەرە بریقەدارەکەی شار دەباتەوە بۆ گوندولادێیەکانی نیشتمانو بە سۆزێکی ئاسمانی «کیژی لادیٚ» ش دەلاوێنێتەوە.

سەردەمێکە دوور لە باڵات وا لەشارانە ئەژیم
ژین چ ژینێک؟!چاوەکانم گیرۆدەی ئاخرشەریم.
(گورانی کیژی لادیٚ)

لەسەرەتا ئاماژەم بەوە کرد کە نەبوونی دەسەڵاتی کوردی رەنگە لە سەرەتایی‌ترین هۆکاری هەلومەرجی نالەباری کۆمەڵگای هونەرمەندان بێت لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام سەرەڕای ئەم خەسارە کاتێک هونەرمەندو نووسەرێک وەکوو بەرێز «کەمەندی»لە لای خەڵکی خۆی دەمێنێت وپشت بەوان دەبەستیٚ نەک دەسەڵاتی ناروا، بیٚشک خەڵک ئەم هونەرمەندانە بە مۆڵک‌وماڵی خۆیان دەزانن. هەربۆیە بە مەرگی عەبباس کەمەندی سەرانسەری کوردستان خەمباروهاو دەردی خۆیانیان لە گەڵ بنەماڵەی هونەرمەندانو بەتایبەتی بنەماڵەی ئەو ئازیزە دەربری. ئەمە نیشانەی مەزنایەتی هونەر وئەمەگناسییە بۆ هونەرمەندانی دڵسۆزو دەروەست!

هونەرمەندی شێوەکارو نووسەروگورانیبێژ «عەباسی کەمەندی» بەداخەوە لە رۆژی ١ی جۆزەردانی ١٣٩٣ دڵە پڕ لە ئەوینەکەی لە لێدان کەوت وکۆچی دوایی کرد.

یادی هەردەم بەنازو نیاز بێت وریگای هونەریی پڕ رێبوار.

.................

**ژێدە: ژیاننامەی عەبباسی کەمەندی..**

## بەڕێوەچوونی کۆڕیادێک بۆ عەباس کەمەندی لە تاران

لە کۆڕیادێکدا لە شاری تاران یادو بیرەوەریی هونەرمەندی کۆچکردوو عەباس کەمەندی بەرز ڕاگیرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بە بەشداریی دکتۆر جگەرخوێن، جێگری نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران‌و چەندین کەسایەتیی سیاسیی، فەرهەنگی‌و هونەریی کوردو غەیرە کورد، وەک شارام نازری، بنەماڵەی عەباس کەمەندی، شانۆکاری کورد دکتۆر قوتبەدین سادقی، دکتۆر جەلال جەلالیزادە، دکتۆر ئەسعەد ئەردەڵان، مامۆستای زانکۆی تاران، خوێندکاران‌و بەشێکی زۆر لە کوردانی دانیشتووی تاران لەلایەن رێکخراوەی فەرهەنگی‌و هونەریی «سیما گوستەری زاگرۆس» بەڕێوە چوو، دکتۆر ئەسعەد ئەردەلان لەسەر کەسایەتیی عەباس کەمەندی بۆ بەشداران دوا.

دکتۆر ئەسعەد ئەردەلان لە قسەکانی‌دا گوتی عەباس کەمەندی هونەرمەندێکی بێوێنەی کوردستان‌و سەرمایەیەکی کلتووری کۆمەڵگای ئێمەیەو، ژیانی ئەم هونەرمەندە و ئەو بەرهەمانەی کە بۆمانی بەجێی هێشتووە هەمووی هێمای ئەوەیە کە بەهرەیەکی دەوڵەمەندی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێداگر و شێلگیر تا دوایین ساتەکانی ژیانی لە درێژەپێدان بە هونەر نەوەستا.

لە درێژەی ئەم بەرنامەیەدا دکتۆر جگەرخوێن، پرسەنامەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بە بۆنەی کۆچی دوایی عەباس کەمەندی خوێندەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەم رێورەسمەدا بێژەری کورد ئەسعەد خۆشگەوار ژیاننامەی عەباس کەمەندی خوێندەوە کە تێیدا ئاماژەی بە تەواوی قۆناغەکانی ژیانی هونەری ئەم هونەرمەندە کردبوو، پاشان پەیامی دەستەی زۆرانبازی پارێزگای سنە بە بۆنەی کۆچی دوایی عەباس کەمەندی خوێندرایەوەو لە درێژەدا هونەرمەند بێهرووز تەوەکولی، شیعرێکی عەباس کەمەندی بە دەنگە بە سۆزەکەی خوی بە شێوەی مەقام پێشکەش کرد.

لە بڕگەکانی دیکەی ئەو رێوڕەسمەدا شانۆکاری کورد دکتۆر قوتبەدین سادقی لەبارەی کەسایەتیی عەباس کەمەندی گوتی: کەمەندی عەشقێکی گەورەی بە کوردستان بوو، پیاوێک بوو کە بۆخۆی خۆی دروست کرد و هەر شتێک فێربوو لە لای خۆیەوە فێری ببوو.

....لە بەشێکی دیکە ئەم یادەدا چەندین پەیام و پرسەنامە بە بۆنەی کۆچی دوایی عەباس کەمەندیی خوێندرانەوەو، لە کۆتایی ئەم رێورەسمەدا دکتۆر جەلال جەلالیزادە، گوتی: بەداخەوە قەدری هونەرمەندانی خۆمان لە کاتی ژیانیاندا نازانین‌و مردوو پەرەستین. دەبیٚ ئێمە وەفادار بین و ڕێز لە هونەرمەندانمان بگرین و هونەرەکەیان بپارێزین.

کوردستان

ئەدەب و هونەر

ژمارە: ٦٣٣

١٥ی جۆزەردانی ١٣٩٣

٥ی ژوئەنی ٢٠١٤

# نیوەچڵ



رەسووڵ سوڵتانی

کتێبەکەی فڕێ دایە سەر مێزەکەی پێش خۆی. دەستی برد بۆ پەرداخە چایەکە. نیوە بوو. سارد ببۆوە. چیرۆکەکەشی هەر نیوە کردبوو. سێ، چوار رۆمانی نیوەچڵی لە پێش خۆی دانابوو. تاقەتی تەواوکردنی هیچ شتێکی نەبوو. گوتی، هەر شتێکی تەواوی بکەی, وەک ئەوە وایە کوشتبێتت. خۆی لەبەر یەک کێشاوە و باوێشکێکی دا. شنەبایەک لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورێ و پەردەکەی دەجووڵاند. ئەو هەروا لەجێی خۆی دانیشتبوو. دوودڵ بوو ئاخۆ چیرۆکەکە تەواو بکات یان نا. یەکەم چیرۆکی کتێبەکەی خوێندبووەوە و حەزی لێ بوو ئەو چیرۆکە خۆی نووسیبای. گوتی: حەسوودی تەنیا لەو کاتانەدا شتێکی باشە. چیرۆکی دووەمی بەنیوەچڵی بەجێ هێشت و نیوە چایەکەی هەر وا بە ساردی خواردەوە و هەستا چووە دەرێ. دوو دڵ بوو بچێ یان نەچێ. زۆر پیس خووی پێوە گرتبوو. سەرەتا وا نەبوو. ئەوەندە هێمن و لەسەرخۆ دەستی پێ کرد، کە ئاوڕی داوە هەتا قوڕقوڕۆچکەی رۆچووبوو. ئەو دەمی هاموشۆی مزگەوتی دەکرد، لە مەلای بیستبوو کە کوفر وەک رۆیشتنی مێروولەیەک وایە لە شەوێکی تاریکی ئەنگوستەچاودا کە بەسەر بەردێکی رەش‌دا بڕوات. گوتی، ناوەڵڵا ئەو دەردە لەو مێروولەیە دەچێ، هەستی پێ ناکەیت هەتا هەموو گیانت دانەگرێ.

ئێستا ئەوە پتر لە مانگێکە نە دیتوویەتی‌و نە گوێی لە دەنگیشی بووە. لە رادیۆوە گوێی لە کارەساتێک ببوو. بەڵام هەواڵەکان ناوی راستەقینەی کوژراوەکەیان نەدرکاندبوو. تەنانەت پیاوکوژەکەشیان لەقاو نەدابوو. هەر ئەوەندە گوتبوویان: دوێنێ شەوێ پیاوێک بە ناوی س.ج هەژدە فیشەکی لە سەری ژنەکەی خۆی داوە. ئیتر لەو رۆژەوە کە تەلەفۆنی ئەوی بۆ نەهاتووە، هەر پێی وایە ئەوە کوژراوە. خۆ ناشوێرێ بەلای ماڵیان‌دا بچێ. قەول وابوو ئەم رۆمانەی خۆی بەناوی ئەو بڵاو بکاتەوە. بەتایبەتی کە بەشێکی زۆری بەسەرهاتەکەی خۆیانی تێدا بوو. پێی گوتبوو، ئەم رۆمانەت بڵاو بکەیتەوە، هەردووکمان تێدا دەچین. بەڵام چش، با تێدا بچین، چییە. هەردووکیان چاویان لە چاوی یەکتر بڕیبوو و زەردەخەنەیەکیان نیشتبووەوە سەر لێو.

یەکەم جار کە چاوی پێی کەوتبوو، لە دووکانێکی جلوبەرگ فرۆشتن‌دا بوو. ژنە جزدانەکەی لەسەر مێزەکە لەبیر دەچێت و کوڕێک دەیەوێ دەستی بداتێ، کەچی ئەو لێی دەستێنێتەوە و دەکەوێتە شوێن ژنەکە بەشکم بیگاتێ و جزدانەکەی بداتەوە. کە لە مۆڵەکە دەچێتە دەرێ، سەیر دەکا لە ئاپۆرای خەڵکەکەدا بزر بووە و رۆیشتووە. کە نایدۆزێتەوە، هەر لەوێ رادەوەستێ، بەو هیوایەی ژنە بۆ جزدانەکەی بگەڕێتەوە. سەعاتێکی زیاتر پێ دەچێ‌و ژنە بە پەشۆکاوی لە سەیارەیەکی بەرز دادەبەزێ. بەر لەوەی ژنە بگاتە بەر دەرگاکە، ئەو بە پیرییەوە دەچێ‌و دەڵێ: ببوورە خاتوون، ئەم جزدانە هیی جەنابتە، لەبیرت چووبوو. ژنە زۆری پێ خۆش دەبێ. ئەو پێی دەڵێ، پارەی نێو جزدانەکەت ورد بژمێرە تکایە، تا لێرەی. ژنە دەڵێ، نایەوێ، بەڵام پێویستە شیرینییەک، دیارییەکت بدەمێ و ئەویش هەر لێی قەبووڵ ناکا. ئیتر ژنە ژمارەی تەلەفۆنەکەی خۆی بۆ بەجێ دەهێڵێت و دەڵێ، هەر ئیشێکت بە ئێمە هەبوو، لە هەر شوێنێک دەتوانین یارمەتیت بدەین. پاش رۆیشتنی ژنەکە، بیر لەو قسەیەی دەکاتەوە. ئێمە. ئێمە یانی کێ؟ بۆ ئەوان کێن؟ جا من چ کارێکم بەوان دەبێ؟ ئەو شەوە پاش ئەوەی ناتوانێ تەنانەت ژێرکراسێکیش بکڕێ، دەچێتەوە ماڵەوە. هەر ئەم خانووەی وا ئێستا لێی هاتە دەرێ.

گوتی، ئەگەر «یەکە»م لە مۆبایلەکەم کردەوە، هەر وا تەلەفۆنێکی بۆ دەکەم، بزانم کێیە. هەر وا. منیش وەک هەموو نووسەرێکی دیکە فزوولم. حەز دەکەم سەر بە هەموو کونێکدا بکەم. بەڵام زۆری پێ چوو هەتا توانیی یەکەیەک بۆ مۆبایلەکەی بکڕێ و هەلی تەلەفۆنێکی بۆ برەخسێت. ئەو رۆژە پارەی چاپبوونی سێ وتاریان بۆ ناردبوو. ئەویش بەر لە هەموو شتێک گوتبووی، با جارێ بچم نانێکی باشی لێ بخۆم، دواییش تەلەفۆنەکەم پڕ دەکەمەوە و تەلەفۆنێکی بۆ دەکەم. دەمێک بوو حەزی لێ بوو بچێتە ئەو خواردنگە گەورەیەی هەمووان تاریفی تاموچێژی خواردنەکانیان دەکرد. کە وەژوور کەوت و گارسۆن بەپیرییەوە هاتن، سەری سووڕ ما، چما جێگە هەیە لێی دانیشێ. رێگەیان نیشان دا و بردیانە سەر مێزێک. سەیری کرد هەر ئەو بەتەنیا دانیشتووە. ئەوانی دیکە هەمووان دووکەس و سێ و چوار و پتریش... شوێنی بەتاڵی لێ نەمابوو. دانیشت و خەیاڵ هەڵیگرت. لەو دەمەدا دەنگێکی ناسک گوتی: ببوورە برا، دەکرێ لێرە دانیشم؟ پێی بە عەرزەوە وشک بوو، ئەوە خۆ هەر ئەو ژنەیە وا قەول وابوو تەلەفۆنێکی بۆ بکەمەوە. فەرموو دادە گیان، فەرموو. بەڵام خۆی لێ نەناس کرد. کەچی ژنە گوتی، ئەرێ کاکە تۆ نەبووی جزدانەکەمت راگرتبوو تا بۆی هاتمەوە؟ ناسییەوە. گوتی باشت ناسیمەوە. لە نێو قسەکانیان‌دا گوتی، بۆیە تا ئێستا تەلەفۆنم بۆت نەکردووە، گوتم، نەکا پێت وابێ شتێکی گەورەم کردووە. دوای ئەوەش، هیچ گرفتێکی وام نەبووە، پێویستیم بە گەورەیی و هاوکاریتان بێت. ئەو شەوە پێکەوە نانەکەیان خوارد. ژنە بۆی گێڕاوە، کە هەموو شەوێ دێتە ئەم خواردنگەیە. دوای نانخواردنەکەش ژنە کە زانیبووی ئەو سەیارەی پێ نییە، گوتبووی، خۆم دەتگەیەنمەوە ماڵەوەت. لە رێگایە ژنە یەک پشوو قسەی بۆ کردبوو. گوتبووی، مێردەکەم، کابرایەکی ناوبەدەرەوەیە.



ناوەکەیت پێ ناڵێم. پۆست و پلەیەکی زۆر بەرزیشی هەیە. باش نییە بزانی چ کارەیە. هەر ئەوەندە دەڵێم، من لە هیچم کەم نییە.

ژنە ئەو شەوە بە وردی باسی مێردەکەی بۆ کردبوو. کە چۆن لە حوکمەتەکەی پێشوودا هەموو شەوێ ماڵەکەی بووەتە مۆڵگە و مەکۆی ئەو پیاوانەی سەری سەد پیاویان بە دینارێک دەفرۆشت. چۆن بە دەم خواردنەوەی ڤۆدکا و وێسکییەوە قاقایان کێشابوو و باسی چۆنێتیی ئەشکەنجەدانی پێشمەرگەیەکیان دەکرد و چۆن لە سەرەمەرگدا هەردوو چاویان دەرهێنابوو. گوتبووی، ئەو شەوە حەزم دەکرد ژەهرێک بکەمە خواردنەکەیانەوە و هەمووان بمرن، بەڵام هەرچی کردم نەمدەزانی دواتر چیم بەسەر دێ. بەتایبەتی کە باسی ئەو کچە کوردەیان دەکرد وا بە هەشت کەسان لاقەیان کردبوو و دواتر دابوویانە دەست هەموو بەندییەکان...



ئەویش گوتبووی، ئەو شتانەم بۆ بگێڕەوە، دەمەوێ بیانکەمە چیرۆکێک. قەولت پێ دەدەم نە ناوی خۆت دێنم و نە ناوی مێردەکەشت. من چیرۆکنووسم. پێویست ناکا لەو گێڕانەوانەدا ناوی کەس بێنم. ئیتر ژنە کە بیستبووی ئەم چیرۆکنووسە، یەکسەر پرێسکەی دڵی خۆی بۆ کردبۆوە. گوتبووی:

پاش ئەوەی حوکمەتەکەش نەما، ئێمە ترسمان لێ نیشت و گوتمان، تەواو، تۆڵەمان لێ دەکرێتەوە. ماوەی دوو ساڵان خۆمان بزر کرد. دواتر لە هەرا و پشێوییەکەدا هاتینەوە و خۆمان خستە ماڵی خزمێکمانەوە و تکای بۆ کردین. باش بوو وا رێکەوت لە تەپوتۆزەکەدا شتەکان دیزەبەدەرخۆنە کران. بەڵام من ئەو رۆژانەم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. ئێستاش کە مێردەکەم وا پۆستەکەی بەرزە، هەر ئاگای لە من نییە. مانگێ جارێک لەگەڵ سکرتێرەکەی‌دا سەفەری خاریج دەکا. سکرتێرەکەی کچۆڵەیەکی هەژدە ساڵانەیە، کە دێتەوەش دیسان خۆی بە کاروبارانەوە سەرقاڵ دەکا و بە منیش دەڵێ، لە چیت کەمە؟ چیت دەوێ بۆتی دەکەم و بڕۆ چیت پێ خۆشە بیکڕە. مێردەکەم پێی وایە هەموو شتێک هەر زێڕ و جلوبەرگە بۆ ژن.

دوو مانگ بوو هەروا هاموشۆی دەکرد. شەوانە لەگەڵ خۆی دەیبردەوە ماڵەوە. بە دەرگاکەی پشتەوەیاندا دەیبردە ژوورێ. دەیگوت، دەرگاکەی پێشەوەمان کامێرای لەسەرە. ئاگات لێ بێ بە رۆژ نەیە ئەم دەوروبەرە، نەکا چەکدارەکان، ئەوانەی مێردەکەم دەپارێزن بت بینن. یەکەم جار کە چووبووە ماڵەکەیان، سەعاتێک هەر سەیری دارودیواری ناوەوەی خانووەکەی کردبوو. گوتبووی، حەز دەکەم ئیجازەم بدەی سەرێک بە هەموو ژوورەکان‌دا بکەم. ئاخر من نووسەرم و حەزم لە فزوولییە. کە لەسەر تەختی خەوەکە راکشابوو، تەزوویەک لە گیانی گەڕابوو. ژنە هەستی پێ کردبوو. گوتبووی، وەڵا خەوی سەر ئەم تەختەخەوانە زۆر خۆشە، بەڵام ئاخر پیاو لەسەر تەختەخەوی ئاوا بنوێ، بڵێی ئیتر بتوانێ چیرۆک بنووسێ؟ شەوانە چیرۆکەکانی خۆی بۆ دەخوێندەوە. سەرەتاکان، ژنە نەیدەهێشت دەست بۆ کتێب بەرێ. دەیگوت، من تاقەتی کتێب و شتم نییە. بەڵام حەفتەیەک دواتر، وردە وردە وای خوو بە چیرۆک و رۆمانەکانەوە گرتبوو، دەتگوت لە منداڵییەوە خەریکی خوێندنەوەیە. ئەمجارەیان ئەو کتێبەکەی لێ وەردەگرت و دەیگوت، بێنە با من بۆتی بخوێنمەوە. لەو ماوەیەدا دوو کتێبی خۆی چاپ ببوون. لە یەکیان‌دا باسی بەسەرهاتەکەی خۆی کردبوو. ژنە ترسابوو و گوتبووی: بۆ وات کردووە؟ نەکا خوێندەوارێک بیخوێنێتەوە و لە رۆژنامەیەکدا شتێکی لەسەر بنووسێ. هەر خێراش دڵخۆشیی دابۆوە و گوتبووی: کوڕە دەی، خۆ ئەوانەی ئێمە کتێب و شت ناخوێننەوە. دەڵێن هەرچی پارەی پێوە نەبێ پووشێک ناهێنێ.

وەبیری هاتەوە شەوێکیان، لە گەرمەی باوەشی‌دا، ژنە دەستی کردبوو بە گریان. ئەویش گوتبووی، چییە؟ خۆ بە زۆری نەهاتووم، خۆت منت فێری ئێرە کردووە. ژنە گوتبووی: ئەوە دەڵێی چی، من بیر لە شتێکی دیکە دەکەمەوە. بڕوات بێ من سووک نیم. من سۆزانی نیم. خۆشمم زۆر خۆش دەوێ. بەڵام چ بکەم، مێردەکەم ئەوەندەی لە وڵاتانە و لەوێ خۆش رایدەبوێرێ، کە دێتەوە ئێرەیش ئەوە لەبەر سکرتێرەکەی ئاگای لە من نییە.

ئێوارەیەکیان، وایان دانابوو پێکەوە بچنە پارکەکەی دەرەوەی شار. زۆریش دەترسان نەکا یەکێک پێکەوە بیانبینێ. دوو دڵ بوون بچن یان نەچن. ژنە گوتبووی: بمان بینن، هەردووکمان تێ‌دا دەچین. ئەویش لە وەڵام‌دا گوتبووی، من هیچم نییە لەدەستی بدەم. ئەو ئێوارەیە زۆر چاوەڕوان ببوو. هەر نەهاتبوو. تەلەفۆنیشی بۆ نەکردبوو. لە چاوەڕوانیی هاتنی‌دا زیاتر لە سەد جاران ئەمسەرئەوسەری شەقامەکەی کردبوو. ئیتر کە هیوا بڕاو ببوو، گەڕابۆوە ژوورەکەی خۆی و گوێی لە دەنگی رادیۆکە دەبێ و هەواڵی کوژرانی ژنێک دەخوێنێتەوە. ژنێک کە پیاوەکەی کوشتوویەتی. سبەینێ رۆژنامەکان بە وردی بەدوای باسەکەدا چووبوون. بەڵام کابرا گوتبووی، وردەکاریی ئەم رووداوە لە هەر رۆژنامە و رادیو و تڕەماشێک بڵاو بێتەوە، چاوی دەردێنم. ئیتر بێدەنگەی لێ کرابوو.

لە پاش ئەوە، تاقەتی تەواوکردنی هیچ شتێکی نەما. هەرچی دەکەوتە بەردەستی، بە نیوەچڵی بەجێی دەهێشت و پێی وابوو، تەواوکردنی هەر شتێک، واتە کوشتنی ئەو شتە...

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 633 5 june 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# بەخشینی دوکتورای ئیفتخاریی زانکۆی سەلاحەدین بە ئیسماعیل بێشکچی



**خەڵاتی دوکتورای زانکۆی سەلاحەدین بە ئیسماعیل بێشکچی، نووسەری بە ناوبانگی تورکی دوستی نیزیکی کورد درا.**

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەمە، ٧ی جۆزەردان لە هۆڵی ڕۆشنبیریی زانکۆی سەلاحەدینی شاری هەولێر، بە بەشداریی سەدان کەسایەتیی سیاسیو ڕووناکبیری، نوێنەرانی پارلەمانی کوردستان، وەزیران، مامۆستای زانکۆو هوگرانی بواری ئەدەب میژووی کورد، ڕێز لە زیاتر لە نیو سەدە خەباتو بەرخودانی ئیسماعیل بێشکچی نووسەری گەورەی تورکی دۆستی بەئەمەگی گەلی کورد نرا.

بە سروودی نەتەوایەتی « ئەی ڕەقیب» دەستی پێ کردو دواتر وتارێک لە لایەن دوکتور ئەحمەد دزەیی، سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین خوێندرایەوە کە بە کورتی و پوختی باسی لە نیو سەدە تێکۆشانی ئەو نووسەرە بە ناوبانگە کرد.

لە درێژەی ئەم ڕێورەسمەدا فیلمێکی دوکومێنتی لە سەر ژیانو بەرهەمەکانی بێشکچی بڵاو کرایەوە.

شایانی باسە کە لەم ڕێورەسمەدا مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەعوەتی ئەم ڕێورەسمە بوو.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە بارەگای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی هاتنەوەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان ڕێورەسمێکی تایبەتیی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بەڕێوە برد.

ئەو ڕێورەسمە کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ١١ی جۆزەردان بە بەشداریی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو کۆمەڵێک لە نوێنەرانی چەند ڕێکخراوو قوتابخانە لە شاری کۆیەو هەروەها بە بەشداریی سەدان منداڵو بنەماڵەکانی نیشتەجێ لە بنکەو بارەگاکانی حیزبی دێموکڕاتدا بەڕێوە چوو؛ کۆمەڵێک بڕگەی هونەریو چالاکیی منداڵ پێشکێش کران.

لە سەرەتای ئەو ڕێورەسمەدا دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە وتارێکی پێشکێش کرد کە دەقی قسەکانی دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕی ٥ دایە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕیوڕەسمەدا پەیامی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن شیلان قوربانیفەر، بەرپرسی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پێشکێش کرا.

شیلان قوربانیفەر لە پەیامەکەی‌دا تیشکی خستە سەر ئەوەی ئەمڕۆ لە جیهانێک دا دەژین کە بەداخەوە توندوتیژی، تێرۆریزم ، شەر، نەخوێندەواریو تەنانەت برسێتی دنیای جوانی منداڵانەی لە منداڵان شێواندوەو لە زۆر جێگای ئەم دنیایە منداڵان قوربانیی ئەو دیاردانەن، بێ ئەوە بۆخۆیان تۆزقاڵێک لە خوڵقاندنیان‌دا دەوریان هەبێ.

....بەرپرسی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە هێنانە بەرباسی ئەو مافانەی کە منداڵان لە ئێرانو کوردستان لێی بێبەشن، جەختی لە سەر ئەوە کردبۆوە کە لەسەر هەموو دایک و باوکەکانە بە پلەی یەکەم، پاشان ڕێکخراوو دامەزراوە مەدەنییەکان کە مەسەلەی پەروەردە کردنی منداڵ، ڕێگەگرتن لە کارکردنی منداڵو گەلێک کێشەی دیکەی پێوەندیدار بە منداڵان بە جیددی بگرنو منداڵ وەک گەورەترین سەرمایەی دوارۆژ سەیر بکەن.

بڕگەکانی دیکەی ئەو ڕیوڕەسمەدا بە سروود، شێعر، شانۆ، گۆرانی و هەڵپەڕکێی منداڵان ڕازابۆوە.



## بەر لە ماڵاوایی

# کوردپوورەکان لە بن ژێلەمۆی فەرامۆشی دا



قادر وریا

نزیکەی ١٥ مانگە دوو برای میدیاکارو داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، خوسرەوو مەسعوودی کوردپوور بە تاوانی لەقاودانی پێشێلکرانی مافی مرۆڤو ئاشکراکردنی ستەمو هێرش بۆ سەر ئازادییەکانی خەلک، کەوتوونە بەندیخانە. ئەوان ئەگەر لە ئاست سەرکوتی هاوزمانانو هاونیشتمانانیان، زمانی خۆیان گرێ داباو چاوی خۆیانن نوقاندباو دەستیان بە کڵاوی خۆیان گرتبا، تووشی زیندان نەدەبوون. بەڵام لەو وڵاتانەی سیستەمە دیکتاتۆرو دژە ئینسانییەکان لە سەر کارن، گەورەترین «تاوان» بێدەنگنەبوون لە تاوانو جینایەتی دەسەڵاتدارانو زانیاریدان بە خەڵکو هەوڵدان بۆ ڕێزگیران لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤە.

خوسرەوو مەسعوودی کوردپوور ئەندامی هیچ حیزبێکی سیاسی نەبوونو نین، هەر لە چوارچیوەی یاساکانی ئەو نیزامەش دا کە ئەمڕۆ لە ئێران لە سەر کارە، تەنیا کاری میدیاییو مرۆڤدۆستانەیان کردوە. هەر بۆیە دەسەڵاتداران لێیان بە ڕقداچوونو خەریکن بە هەمان دەردی محەممەد سەدیق کەبوودوەندیان دەبەن. ئەوان ئاسوودەییو ئازادیی خۆیانو ژیان لە نیو بنەماڵە و کەسوکار و خۆشەویستانیان لە پێناوی خەڵک دا وەلاناوە. زۆر گرنگە خەڵکی ئێمە ئەمەگناس بێت و ئەوان و بنەماڵەکەیانی لە بیر بێت. گرنگە تا ئەو کاتەی بە ناحەق لە بەندیخانە دا رادەگیرێن، ڕاگەیەنەکان، میدیاکاران، داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان و خەڵکی بە ویژدان لە بیریان بن و بە بۆنەی جۆراوجۆر یادیان بکەنەوە و وەبیر بیرورای گشتیی بێننەوە کە ئەوانە بە ناحەق گیراون. بەڵام ئەگەر ڕۆژێک سیستەمی قەزایی و جەزایی نادادپەروەرو دام و دەزگای ئەمنییەتی لە بەرامبەر ئازادکردنەکەیان دا، بیانووی وەسیقە و بە گرەودانانی پووڵیان لێکردن، ئایا کەسانیکی دەسڕۆیشتووی ئەوتۆ پەیدا دەبن، هیممەت بکەن و لە خۆیان مایە دابنێن؟

لە مێژە قسەیەک لە دڵم دا هەیەو ڕام گرتوە، ئێستا بە دەرفەتی دەزانم دەری ببرم. ئێوەش بیستووتانە و لەوانەیە لە نزیکەوەش دیتبێتتان هێندێک کەسی دەستڕۆیشتووی کورد،چۆن ماشێنی سیفر کیلۆمیتر بە دیاری بۆ کوڕو کچی فلان فەرماندارو گەورەکاربەدەستی ئیتلاعاتو داموەزگای دیکەی شارو ناوچەکەیان دەبەن، یا کلیلی ماڵو سەرسەرایەکی نوێ بە نیشانەی پێشکەشکردن دەدەن بەمو ئەو مۆرەی دەستڕۆیشتوو بەلام بەرتیلخۆر و فاسدی ڕێژیم لە دەوروبەری خۆیان! ئەوکارەی ئەوان لە ڕێی خوا دا نییە. بۆ خۆیان دەزانن چ ئیمتیاز و دەرفەتێکیان لە ڕێگای ئەم زاتانەوە پێ دراوە و یا چ بەرهەمێکی باش لە داهاتوو دا لەم پیاوەتیو سەخاوەتەی خۆیان هەڵ دەگرنەوە! هی واشیان تێدایە کلکەسووتەو خۆشیرینکردنەکە لەوەش تێدەپەڕێنو تەنانەت دەڵالیو شتی تریشیان بۆ دەکەنو ئامادەن کچ و خوشکی دراوسێوهاوزمانو هاونیشتمانی خۆیان بۆ ئەو «زەروو»انە لە داو بخەن!

ئەو کاتانەی ڕەفسەنجانیو خامەنەییو ئەحمەدینەژاد دەهاتنە شارەکانی کوردستان، خۆشخزمەتیو قوربانیکردنو گاوو گەردوونی هێندێک لە دەوڵەمەندانو سامانداراني ئەو شارانەتان لە بیرە؟ ئەوان بەم کردەوانەیان دەیانەویست بیسەلمێنن کە بڕوایان بەو نیزامەو ڕێبەرانی هەیەو سەروەتو سامان هیچ، بەڵکوو ئامادەن گیانیشیان لە پێناویان دا بدەن!دیارە هەموو کەس دەیزانی درۆ دەکەنو تەنیا خۆشیرینکردنە لە پێناوی وەرگرتنی ئیمتیاز لە ڕێژیم. دیارە مەمانان چاوەڕوان نین ئەو جۆرە کەسانە خەم لە کەبوودوەندەکان و کوردپوورەکان و دەیان و سەدان ڕۆڵەی بەندکراوی خەڵک بخۆن. بەڵام خۆ هەر شار و ناوچەیەک دەیان و سەدان بنەماڵەی وای تێدایە کە سەربەدام و دەزگای ڕێژیم نین و نەک لە پرێک و لە سایەی خۆشخزمەتی بەو ڕێژیمە، بەڵکوو بە هیممەتی خۆیان و بە ڕێگای ڕەوا دا، توانیویانە ببنە خاوەنی سەروەت و سامان. ئەگەر ئەم جۆرە کەسانە، بڵێن ناوێرین یارمەتیی ماڵی بە حیزبێکی سیاسیی وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان و خەباتێکی شۆڕشگێرانە بکەین، لەوانەیە زۆریان لۆمە نەکەین. بەڵام ئایا ناتوانن لە دراوسێیەتیی ماڵی خۆشیاندا، دەستی یەک لە سەدان بنەماڵەی شەهیدو بەندیی سیاسیی بگرن؟ ناتوانن ببنە زامنی بەندییەکی سیاسی و وەسیقەیەک لە بەرامبەر ئازادکردنیان دا دابنێن؟ ناتوانن بەشداری لە دابینکردنی خەرجی دوکتورو دەرمانو نەشتەرگەریی بەندییەکی سیاسیی نەخۆش یا ئەندامێکی نەخۆشی بنەماڵەکەی دا بکەن؟ ناتوانن خەمێک لە بێسەرپەنایی و بیداهاتیو بێئەنوایی بنەماڵەی ئەو مرۆڤانە بخۆن کە سەبارەت بە داکۆکی لە مافی خەڵک، کەوتوونە زیندان و لەم سۆنگەیەوە، چەرمەسەرییان بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان کڕیوە؟

نیشتمانپەروەر و گەلدۆستبوون ڕێگای جۆراوجۆری هەیە. شتێکی سروشتییە کە هەموو کەس نەتوانێ بچێتە نێو کاری سیاسی و خەباتگێڕانە و لە ڕیزی تێکۆشەرانی ئاشکرا و نهێنیی حیزبێک دا خەبات بکا. بەڵام زۆر تاڵ دەبێ ئەوانەی ناتوانن ڕێگا پڕهەزینەکان هەڵبژێرن، نەوێرن یا نەیانەوێ خۆ لە سادەترین ئەرکی نەتەوەییو نیشتمانی بدەن. ڕۆژگار هەر لە دۆخیک دا نامێنێتەوە.هەم ئەوانەی لە هەلومەرجی ئێستا دا لە حەوت ئاسمانان ئەستێرەیەک شک نابەن ڕۆژیان دێت،هەم ئەوانەی ئەمڕۆ دنیا بە کەیفی وانە، ڕۆژێک ئەم هەوایەیان لێ تێک دەچێ. دیارە هەموو کات حیسابی هەر جۆرە خەلکێک لەوتاقمانە جیایە کە هاودەستو شەریکە تاوانی دەسەلاتدارانی دژی گەلی بوون. بەلام بۆ خەلکەکەی دیکەشهەر ئەوەندە بەس نییە کە مرۆڤ تەنیاو تەنیا خراپەی خەلک و نەتەوەکەی خۆی نەکردبێ. ئەدی نابێ بۆ دوارۆژ، کار و کردەوەهوهەلوێستێکی ئەوتۆ لە کارنامەی ئەعمالیان دا هەبیت کە شانازیی پیوە بکەن و بڵیین ئێمەش کاتی خۆی ئەوەمان لە دەست هاتوەو کردوومانە؟!